
www.peshmergekan.com

## ئەزموونی خوێندن لە ئۆردووگای ڕومادی و جیاوازیی سیستەمی پەروەردە و فێرکردنی ئێران و نورویژ-




(ئەم وتووێژە شەممە ٢٠١٤/٠١/١١ بۆ ڕۆژهەلات تیڤی تۆمار کرا و ٢٠١٤/٠٢/٠٤ بڵاو کرایەوە. لێرەدا دووبارە لەگەڵ ڕاستکردنەوە و زانیاری زیاتردا نووسراوەتەوە و لینکی وتووێژەکان




و چەند وێنەیە و بەڵگەیەکی لەگەڵ دانراوە و لە ٦ بەشدا دەخرێتە سەر ماڵپەڕەکان. هیوادارم کەڵکی خوێندنەوەی هەبێ و خوێنەرانی بەڕێز پەیوەندی بگرن و هەڵەکانم بۆ ڕاست بکەنەوە.)

من و دوو هاوڕێی تر سەفەرێکی شاری یۆتۆبۆری لە سویدمان کرد بۆ تۆمارکردنی پرۆگرامێک کە لەودا زانیاریی زیاتر لەسەر ناوەندی کرماشان دیالوگ و پێویستیی دامەزراندنی بدەین بە بینەران. هەر لەوێ کاک عەلی قەنبەری پێشنیاری تۆمارکردنی پرۆگرامێکی تری بە من کرد لەسەر ئەو بابەتەی سەرەوە. ئەویش لەبەر ئاگاداربوونی بەڕێزیان لەسەر پێشینە و ئەزموونی من لەم بوارە لە ڕابردوو و ئیستادا. ئەگەرچی من بەپێی پێویست خۆم بۆ ئەم مەبەستە ئامادە نەکردبوو، بەڵام لەبەر گرنگی بابەتەکە ئامادەییم دەربڕی. بەڵکوو بتوانم لەم ڕێگەیەوە و بە باسکردنی ئەزموون و بەشێک لە ژیانی خۆم، تیشک بخەمە سەر بابەتەکە و سەرنجی بەڕێزانی تر بۆ لای بابەتەکە ڕاکێشم و لەم ڕێگەیەوە ئەوان بتوانن بابەتەکە تەواوتر بکەن.

من بەپێی دەرفەت و توانا و ئەوەندەی لە بیرم مابوو پرسیارەکانم وەڵام دایەوە. بەڵام لەبەر کەمیی کاتەکە بۆ خۆئامادەکردن و هەروەها کەمیی کاتی پێشکەش کردن و پەلەکردن، بەشێک لەو وەڵامانەش کە پێشکەش کران هەڵەیان تێکەوت یان وەک پێویست ڕوون نەکرانەوە. هەروەها بڕێک لە ڕێکەوت و ژمارەکان بە هەڵە باس کران کە سەرەڕای داوای لێبوردن، ڕاستکردنەوەیان بە ئەرکی خۆم دەزانم. بۆیە من بە پێویستم زانی هەر لە ژێر ئەم سەردێڕەدا، سەرەڕای

ڕاستکردنەوەی هەڵەکان، کورتەیەک لەو وەڵامانە لەگەڵ بڕێک زانیاری زیاتر و بەڵگەی پێویست بخەمە بەردەستی خوازیارانی ئەو زانیارییانە. دەزانم زانیارییەکانی منیش لەم بارەوە سنووردار و ناتەواون و پێشەکی لە بوونی کەموکوڕییەکان داوای لێبوردن دەکەم.
هیوادارم بە تایبەت ئەوانەی ژیانی تاڵی ئۆردووگای ڕومادییان چەشتووە کەڵک لەم بابەتە وەرگرن و، لە هەر ڕێگەیەکەوە بۆیان دەکرێ هەڵەکانم بۆ ڕاست بکەنەوە. هەرچەن دەزانم نە ئەم نووسینە و نە هیچ نووسینێکی تر لەم بارەوە ڕەزامەندیی هەموو کەسی لەسەر نابێ و کەم و زۆر دەکەوێتە بەر ڕەخنە. چونکە هەرکەسێک بەپێی زانیاریی خۆی و لەچاوی خۆیەوە هەر دیاردە و ڕووداوێک و بەتایبەت ئەم بابەتە گرنگ و هەستیارە لیک دەداتەوە، کە لق و پۆپی زۆری لێ دەبێتەوە. بەڵام من هەوڵ دەدەم لە چوارچێوەی پرسیارەکاندا وەڵامەکانم لە ڕاستییەوە نزیک بن. من ئەم بابەتەم بە دوورودرێژی نووسیوە و بەتەمام دوای پێداچوونەوە و ڕێکوڕاست کردن، لە داهاتوودا جارێکی تر بڵاوی بکەمەوە. بەو هیوایەی جیلەکانی دوای ئێمە لە تەجرەبە ئەرێنییەکانی ئێمە کەڵ وەرگرن و خۆیان لە هەڵەکانمان بپارێزن. هیوادارم ئەوان تووشی ئەو نەهامەتییانە نەبن کە ئێمە لە ژیانی ئاوارەییدا تووشی هاتین. لەوانەیە ژیانی من وەک تاکێک لەم پێوەندییەدا زۆر گرنگ نەبێ، بەڵام دەکرێ خوێنەر هەر بەم پێیە لە ژیانی هەزاران کەس لە خەڵکی بەشمەینەتی ناوچەکەمان و دەردی ئاوارەیی تێبگا. هەوڵ دەدەم وەڵامەکان تەواوتر و زیاتر لەوەی وتووێژەکە بن و بە کورتی خاڵە سەرەکییەکانی ڕەخنەکانی دوو هاوڕێی بەڕێزیش وەڵام بدەمەوە و بەشی گرنگی ڕاکانی ئەوانیش لێرەدا بگونجێنم.
١ـ دەورانی دانشسەرای سەرەتایی (مقدماتی) چۆن بوو؟
من پاییزی ١٩٧٨ی زایینی بەرانبەر بە ١٣٥٧ی کۆچی هەتاوی چوومە دانشسەرای سەرەتایی (مقدماتی) کرماشان و لە ماوەی دوو ساڵدا، واتە سەرەتای هاوینی ١٩٨٠ و ٣ مانگ بەر لە دەستپێکردنی شەڕی عێراق ـ ئێران خوێندنەکەم تەواو کرد. دانشسەراکە ناوەندی بارهێنانی مامۆستای سەرەتایی بوو و شوێنی خوێندن و مانەوەی شەو و ڕۆژییش بوو بۆ فێرخواز. دوو ساڵی خوێندنی دانشسەرام، بەتایبەت ساڵی یەکەم، لەگەڵ زۆر ڕووداوی گرنگدا تێکەڵ بوو کە وەبیرهێنانەوە و ڕێکەوتەکانیان بە پێویست دەزانم. نموونەی ئەو ڕووداوانە:
ـ ڕێپێوانەکانی ١٣٥٧ی هەتاوی و کۆتایی دەسەڵاتی موحەممەد ڕەزا شا لە ١٣٥٧/١١/٢٢
ـ نەوروزی خوێناویی ٢٤ ڕۆژەی سنە لە ٢٧ی ڕەشەمەی ١٣٥٧ی هەتاوی و نەورۆزی ١٣٥٨
ـ ڕفراندومی ١٣٥٨/٠١/١٠ بۆ وەرگرتنی دەنگی بەڵێ بۆ دامەزراندنی کۆماری ئیسلامی
ـ ١٣٥٨/٠١/٢٥ لە یەکێک لە ڕۆژنامەکانی ئێراندا نووسرابوو: عەشایەری کوردی سنوور نشینی پارێزگای کرماشان: مستەفا خان مەحموودی، مەحموود نەزەری، بەهرام ئەسپەری، حاجی حوسەین مەتاعی، موحەمەد حوسەین پوور، حاجی یوسف یوسفی وە ڕەشید موحەمەدی پشتیوانی خۆیان لە ئیمام خومەینی رادەگەیەنن. ڕۆژنامەکە هەروەها دەنووسێ؛ ئیمە عەشایەری کوردی دانیشتووی ناوچە سنوورییەکان؛ باوەجانی، قوایی، سەرقەڵا، جێگیران، زەهاو و قەڵخانی کە نزیکەی 70 هەزار بنەماڵە دەبین خوازیاری خودموختاری تەواو بە ڕێبەری شیخ عیزەدینی حوسەینی ین.
ـ کوشتاری نەغەدە لە ١١ی خەرمانانی ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی بەرانبەر بە ١٩٧٩/٠٩/٠٢
ـ شەڕی پاوە و فەتوای جیهادی خومەینی دژی گەلی کورد ١٣٥٨/٠٥/٢٨ و شەڕی ٣ مانگە
ـ بڕیاری لێبوردنی گشتیی خومەینی دوای ٣ مانگ شەڕی قورس لەگەڵ گەلی کورد ٢٦ی خەزەڵوەر (١٣٥٨/٠٨/٢٦)
ـ هێرشی دووهەمی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران بۆ کوردستان ٢٩ی خاکەلێوە (١٣٥٩/٠١/٢٩)

ـ گرژییەکانی نێوان خومەینی و سەدام حوسەین و ئاڵۆزی ناوچە سنوورییەکان بەتایبەت سنووری پاوە تا قەسری شیرین و چەپاوکردن و کردەوەی چەکداری گرووپە ئاشکرا و نهێنییەکانی سەر بە هەردوو وڵات لەناو خاکی یەکتر. لە هەموو گرنگتر هەڵسووڕانی بنکەی چەکدارەکانی چوارکڵاو لە ژێر چاوەدێری بنەماڵەی سەردار جاف و جیا لەوانیش گرووپی "سازمان آزادگان ایران" لە ژێر چاوەدێری چەند ژنراڵ و ئەفسەری زمانی شا بوو.

ـ ئامادەکردنی دەیان هەزار هێزی نیزامیی هەردوو وڵات لە پشت سنوورەکان و هاویشتنی تۆپ و خومپارەی دوورهاوێژ بۆ قووڵایی خاکی یەکتر بەتایبەت لە سنووری بەمۆ تا قەسری شیرین هەر لە بەهار و هاوینی ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوییەوە دەستی پێ کرد. قوربانی و زەرەرمەندی ئەم تۆپ هاوێشتنانە و هەموو کردەوە چەکدارییەکانی تریش تا رادەیەکی زۆر کوردانی دانیشتووی سنوور بوون.

ـ دەستپێکردنی شەڕی عێراق ـ ئێران ٣١ی خەرمان (١٣٥٩/٠٦/٣١=١٩٨٠/٠٩/٢٢)، ڕۆژی دواتر گەیشتنی تانکە زرێپۆشەکانی عێراق بۆ ناو شاری سەرپێڵی زەهاو لە ٣٠ کیلۆمیتری سنوور.

هاوکات و تێکەڵاو لەگەڵ ئەو هەموو ڕووداوە تاڵ و ناخۆشانەدا کە بۆ کورد ڕوویان دا، من دەورەی خوێندنی ٢ ساڵەی مامۆستایەتیم تەواو کرد، بەو ئامانجەی وەک مامۆستای پۆلی ١ تا ٥ لە قوتابخانەیەکی دەوروبەری شاری سەرپێڵی زەهاو وانە بێژمەوە. ئێمە لە دانشسەرای سەرەتایی ٣٠٠ دانشجوو (فێرخواز)ی سەر بە شارستانەکانی هەردوو پارێزگای کرماشان و ئیلام بووین و نانخواردن و جێگەی خەوتنیشمان هەر لەوێ لە ژووری ١٠ ـ ١٢ کەسیدا بوو.

وانەکان زیاتر بۆ ئامادەکردنی ئێمە بوو کە چۆن لە کاتی ناچاری لە گوندێکدا لە پۆلێکی تێکەڵاو لە چەند پلەی خوێندندا وانە بێژینەوە. بە بەراورد لەگەڵ وڵاتێکی پێشکەوتوودا، زۆر بە کەمی لە بواری هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتی لەگەڵ قوتابی و دەوروبەردا باس دەکرا و ئەم لایەنە گرنگە بایەخی کەمتری پێ دەدرا. ئەم لایەنە نەرێنییە تەنیا تایبەتی ئەو دانشسەرایە نەبوو و بگرە ئەم ناوەندە تەنانەت یەکێک لە باشترین شوێنەکانی بارهێنانی مامۆستای سەرەتایی بوو. بەگشتی ڕەواڵی ئامادەکردنی مامۆستا و هەموو سیستەمی پەروەردە و فێرکردنی وڵاتی ئێران بەم شێوەیە بوو. ئەمانە سەرەڕای نکوولی کردن لە زمان و کولتوور و تایبەتمەندییەکانی هەموو قوتابییانی غەیرە فارەس بوو کە ئێمە لەرێگەی خوێندنەوەی بڵاوکراوەی ڕێکخراوە سیاسییەکانەوە، لە چەند مانگی سەرەتای ساڵی ١٣٥٨ەوە کەمێک لەگەڵیدا ئاشنا بووین.

٢ـ چۆن بوو کە تۆ نەتتوانی لە ئێران وەک مامۆستا دەست بەکار بی؟

ئێمە بەشی شارستانی سەرپێڵی زەهاو لەو دانشسەرایە ٢٣ مامۆستای سەرەتایی بووین کە لە کۆتایی جۆزەردانی ساڵی ١٣٥٩دا خوێندمان تەواو کرد. ئیدارەی پەروەردە و بارهێنانی شارستانی سەرپێڵی زەهاو بۆ ئەوەی دێیەکمان بۆ دەست بەکاربوون پێ بناسێنن هەر ئەمڕۆ و سبەییان پێ دەکردین تا ١٣٥٩/٠٧/٠١، واتە ١ی مانگی ڕەزبەر بەرانبەر بە ١٩٨٠/٠٩/٢٣ی زایینی و ڕۆژی کرانەوەی قوتابخانەکان، کە ئەو ڕۆژە تانکە شەرکەرەکانی ئەرتەشی عێراق لە ڕێگەی قەسری شیرینەوە گەیشتە شاری سەرپێڵی زەهاو. ئەم ڕووداوە گرنگە داهاتووی ژیانی منی وەک ژیانی هەزاران کەسی ناوچەکە گۆڕی و خەڵکی سەدان گوندی ناوچەکە بەم هۆیەوە و بەناچاری تێکڕا ئاوارەی عێراق بووین و لە ئۆردووگاکانی نزیک سنوور گیرساینەوە. بەڵام من کە زۆر تامەزرۆی خزمەت بە قوتابییانی بێبەش و زوڵم لێکراوی گەلەکەم بووم، ساڵانی دواتر و لە ئاوارەیدا ئەم دەرفەتەم لە ژێر دۆخێکی زۆر دژوار و سەختدا بۆ ڕەخسا کە دواتر دەچینە سەری و باسی دەکەین.

لە چەند مانگی سەرەتادا کە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی هێشتای پایەکانی قایم نەکردبوو، دەرفەتێکی زێڕین بوو بۆ ئەوەی ئێمە لەو نیمچە ئازادییە کەڵک وەرگرین و نەختێک لە گرفتە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان و هەروەها لە بەشخوراویی گەلانی غەیری فارس تێبگەین. من بەشێک لە کتێبەکانی مامۆستای شۆڕشگێڕ و ناسراوی تورک سەمەد بێهرەنگیم لەسەر خزمەت بە قوتابییانی گوندنشینی تورک لە ئێران خوێندەوە و لەوێوە بیری خزمەتی زیاتر بە قوتابییانی بەشخوراوی کوردم لا درووست ببوو. ئەمە وەک ئاواتێک لە دڵمدا بوو تا ئەم دەرفەتە لە ئاوارەیی و لە کەمپی ئەلتاش لە ڕومادی بۆ من ڕەخسا. بە ڕای خۆم من بە بەشێک لە ئاواتەکانم، واتە پێشکەش کردنی خزمەت بە قوتابییانی کورد گەیشتم و دوایی بە سەرکەوتنی ژمارەیەک لەو قوتابییانە لە ئاکامی ئەرێنیی کارەکەم و سەرکەوتنەکەم زیاتر دڵنیا بوومەوە.

٣ـ دەورانی مامۆستایەتی لە ئۆردووگای ڕومادی و ئیمکانات و کەرەسەی خوێندن چۆن بوو؟

ئەگەر بمەوێ باسی دەورانی مامۆستایەتی لە ئۆردووگای ڕومادی بکەم، پێویستە سەرەتا باسی چۆنیەتی دامەزرانی ئۆردووگاکە بکەم.

دوای ئەوەی هێزەکانی ئێران توانییان لە ١٣٦١/٠٣/٠٣=١٩٨٢/٠٥/٢٤ شاری گرنگی خوڕەمشار لە هێزەکانی عێراق وەرگرنەوە، حکوومەتی عێراق لە شەڕدا گلۆڵەی کەوتە لێژی و کەوتە خۆکۆکردنەوە. یەکێک لە خاڵەکانی خۆکۆکردنەوەی دوورخستنەوەی ئەو هەموو کوردەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو کە لە ئاکامی شەڕدا بە شێوەی جۆراوجۆر لەسەر سنووری ئێران ـ عێراق، لە خێوەت و کەمپەکاندا کۆببووبوونەوە. دەسەڵاتدارانی عێراق خێرا لە ڕێکەوتی ١٣٦١/٠٤/٠٩=١٩٨٢/٠٦/٣٠ هەموو ئەو کوردانەیان ئاگادار کردەوە و پێیان ڕاگەیاندن ئەوانەی کە چەکداری عێراق نین لە ماوەی چەن ڕۆژێکدا خۆیان بۆ گواستنەوە بۆ ڕومادی ئامادە بکەن. یەکەم دەستەی ماڵ کە لە ئۆردووگای سەنگەرەوە بە زۆرەملی بارکران لە ١٩٨٢/٠٧/١٥ گەیشتنە ئۆردووگای ڕومادی. ئێمە و چەند ماڵێکی تریش ١٩٨٢/٠٨/٢٦ گەیشتینە ڕومادی.

خەڵکیان لە بیاوانێکی وشک و لمیندا کۆکردەوە، بە بێ ئەوەی هیچ چەشنە ئاسەوارێک لە خزمەتگوزاری هەبێ. ئەگەر ئاوی دەریاچەی حەبانییە نەبوایە خەڵک لە تینوویەتی دەفەوتان. ئەویش لە قەراخەکانیدا کە خەڵک دەیانتوانی ئاوی لێ بهێنن زۆر پیس بوو و پیسی ئاوەکەیش بووە هۆی زۆر نەخۆشی بەتایبەت نەخۆشی مندالان. جیا لە سروشتی ناخۆشی ناوچەکە و بای زۆر و بەهێز و هەستانی تۆز و لم، گەرمای هاوین و دواییش کەشوهەوای سارد و بای وشک و ساردی زستان، ژیانی لە خەڵک تاڵ کردبوو. بە قسەی عەرەبەکانی دانیشتووی دەوروبەری ئۆردووگا، سەرما و با و بارانی زستانی ١٩٨٢ دۆخێکی زۆر تایبەت و دژوار بوو و ئەوان تەنیا لە ساڵەکانی شەڕی دووەمی جیهانیدا زستانێکی وەها سەختیان دیبوو. قسەی ئەوان ڕاست بوو، چونکە سەختی و ساردی و بەستەڵەکی زستانی ١٩٤٢ی زایینی لە هەموو دونیا و بەتایبەت لە ناوچەکانی نێوان لایەنەکانی شەڕ، لە مێژووی شەڕی دووەمی جیهانیدا تۆمار کراوە.

سەرەڕای کەشوهەوای سەخت، بێداهاتی و بێدەرەتانیی خەڵک و ئاوڕنەدانەوەی دەوڵەتی عێراق لەو هەموو خەڵکە لە ناو ئۆردووگایەکی سامناکدا، ترسێکی گەورەی لە دەروونی خەڵکدا درووست کردبوو. خەڵک دەیانزانی کە حکوومەتی عێراق لە دۆڕاندنی شەڕەکە یەکجار زۆر تووڕەیە و لەوانەیە ڕەقی بەواندا بڕێژێ. لەبەر ئەوە خەڵک لە هەڵسوکەوتی نامرۆڤانەی کاربەدەستانی دەوڵەتی عێراق ترسیان لێ نیشتبوو و نەیاندەزانی دەسەڵاتدارانی بەعس چ پیلانێکیان بۆ داهاتووی ئەوان هەیە. ئەو کەمە قووت و بژێوییەی لەگەڵ خۆیان هێنابوویان، دەمێک بوو تەواو ببوو و خەڵک بە تەواوی گەوتبوونە تەنگانە و برسیەتییەوە.


بەهاری ١٩٨٣ هەیئەتێکی خاچی سوور لەژێر چاوەدێریی سەختی دەزگای ئەمنییەتی عێراقدا، بۆ یەکەمجار سەردانی ئۆردووگای ڕومادیی کرد. دوای نزیکەی ٨ مانگ دۆخی سەخت و هاوکات لەگەڵ سەردانی هەیئەتی خاچی سوور بۆ ئۆردووگا ١٩٨٣/٠٣/٠٥=١٣٦١/١٢/١٥، بەرپرسانی ئۆردووگا دەستیان کرد بە دانی پارەی مانگانە بە دانیشتوانی ئۆردووگا. دوای ماوەیەک ڕاگرتنی مانگانەکە، هاوینی ئەو ساڵ دیسان دەستیان پێ کردەوە. دانی ئەو مانگانەیە ترسی مردنی ڕەواندەوە، بەڵام بەشی بەڕێوەچوونی ژیانی نەدەکرد و خەڵک ناچار بوون بۆ وەدەستهێنانی بژێویی خۆیان کار و کاسبییەک بکەن. ئەو سەردانەی خاچی سوور زۆر ئەرێنی بوو و دوای ئەوە ژیان وردەوردە کەوتە سەر ڕەوالێکی باشتر و خەڵک ترسی مردنیان لەسەر دەرچوو. هەر لە بەهار و هاوینی ١٩٨٣وە ژمارەیەک لە خوێندەوارانی ئۆردووگا سەرەتا لە ژێر چادری ماڵەکانیاندا دەستیان کرد بە وانە وتنەوە بە منداڵانی خۆیان و بنەماڵەکانی دەوروبەریان. دوایی لە هاوین و پاییزی ١٩٨٤ەوە، هەر ئەو خوێندەوارانە و ژمارەیەکی تریش، وردەوردە لەخشتی قوڕین خانوویان بۆ وانەوتنەوە درووست کرد. هەر ئەم خانووە قوڕینە بچووکانە بوونە بنەمای ئەو قوتابخانانەی کە دوایی بە قوتابخانەی ئەهلی ناسران و بەر لە شەڕی کوەیت و گەڕانەوەی بەشێک لە خەڵک بۆ ئێران لە بەهاری ساڵی ١٩٩١ی زایینی، ئەرکی وانە وتنەوەی نزیکەی ٥٠٠٠ قوتابی لەئەستۆ بوو.

منیش هەر لە بەهاری ١٩٨٣وە لەپاڵ کاسبی و دووکانداریدا، بەبێ بەرانبەر ئێواران وانەم بە چەند قوتابی دەوتەوە و ئەمەم تا هاوینی ١٩٨٦ درێژە دا. دوای ئەوەی لە دابینکردنی بژێویی خۆم و بنەماڵەکەم لە ڕێگەی کاسبییەوە دڵنیا بووم، لە پایزی ١٩٨٦ەوە منیش قوتابخانەیەکم لە خشتی قوڕین دروست کرد و تا ١٩٩٢ واتە ٦ ساڵ لە ئۆردووگای ڕومادی وەک مامۆستا تیایدا کارم کرد. لەو ساڵانەدا لەپاڵ وانەوتنەوە بە قوتابییانی پۆلەکەی خۆم، ٤ ساڵ ئەندامی بەڕێوەبەری شەورای مامۆستایانی ئۆردووگا و لەو ماوەیە ٣ ساڵی بەرپرسی شەوراکە بووم.


پایزی ساڵی ١٩٨٤ قوتابخانەی دەوڵەتی بە ناوی "مەدرەسەی موجاهیدین" لە ژێر چادردا بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی لە لایەن دەزگای پەروەردە و بارهێنانی عێراقەوە لە ئۆردووگای ڕومادی کرایەوە. لە ساڵی ١٩٨٥ەوە هەیئەتی خاچی سوور دوای تێگەیشتن لە دۆخی شپرزەی خوێندن لە ئۆردووگا، بۆ دڵخۆش کردنی قوتابییان، دەستی کرد بە هێنانی کەلوپەلی خوێندن و نووسین بۆ قوتابییانی ئۆردووگا. بۆ ئاسانترکردنەوەی کاری خاچی سوور و لەسەر داوای ئەوان، یەکەم شەورای مامۆستایان لە بەهاری ساڵی ١٩٨٥ لە ئۆردووگا دامەزرا.

بەپێی نەخشەی گووگل مەودای نێوان شارەکانی خانەقین و ڕومادی لە ڕێگەی بەغداوە ٣٠٣ کیلۆمیتر دەبێ، کە بە ماشێن ٣ کاژێر و ٤٥ خولەک دەخایەنێ. زۆربەی دانیشتووانی ئۆردووگای ڕومادی لە ئۆردووگاکانی دەورە، قۆرەتوو و سەنگەرەوە هێنرابوون کە ئەوانیش دەکەوتنە مەودای ٢٠ تا ٣٠ کیلۆمیتر لە باکوور و باکووری ڕۆژهەڵاتی شاری خانەقینەوە و سەر بە پارێزگای دیالە بوون. هەروەها ژمارەیەکی تریش لە ئۆردووگاکانی باریکە، زەڕایەن، عەربەت، چوارقوڕنە و ساڵانی دواتریش بەشێک لە ئۆردووگای حللەوە هێنران. مەودای نێوان بەغدا و شاری ڕومادی ناوەندی پارێزگای ئەلئەنبار لە ڕۆژاوای بەغدا ١٣٣ کیلۆمیترە و ئۆردووگای ئەلتاش ٦ تا ٧ کیلۆمیتر لە شاری ڕومادی تێدەپەڕاند و دەکەوتە باشووری شارەکە و ڕۆژاوای دەریاچەی حەبانییە. ئۆردووگاکە لە سەر زەوییەکی تەخت و بێڕووەک بەپانایی نزیکەی ٢ کیلۆمیتر و بەدرێژایی نزیکەی ٤ کیلۆمیتر هەڵکەوتبوو، دەوری بە تێلدڕوو تەنرابوو و دەرگایەکی هاتوچۆی لە بەشی باکووریدا لە پەنای دامودەزگای دەوڵەتی بۆ درووست کرابوو. کاربەدەستانی دەوڵەتی عێراق بە هەر مەبەستێک بووبێ، دانیشتوانی ئۆردووگایان لەسەر بنەمای عەشیرە دابەش

کردبوو و هەموو ئەو بنەماڵانەی سەر بە عەشیرەیەک بوون، دەبوایە کاروبار و پەیوەندییان لەگەڵ کاربەدەستانی عێراقی لەڕێگەی کوێخا (موختار)ەوە بێ. تەنانەت ئەوانەش کە سەر بە هیچ عەشیرەیەک نەبوون دەخرانە ناو ئەو سیستەمەوە و سەر بە عەشیرەیەک دەناسران یان ناوی شار و ناوچەکەیان وەک عەشیرە لەسەر دادەنرا، بۆ نموونە مهابادی، هەورامی و ... . نوێنەری خاچی سووریش بۆ کارئاسانی خۆی هەر ئەو دابەشکردنەی ڕەچاو کردبوو و شوێنی نیشتەجێبوونی خەڵکی هەر بەو ناوانەوە دیاری کردبوو و هەموو ئۆردووگای کردبووە ١٠ بەش.



via Route 1
3 h 44 min
303 km
Kirkuk
Hawija
Sulaymaniyah
Bazian
Penjwin
Halabja
Darbandikhan
Beşiir Kasabasi
Baiji
Tuz Khurma
Tikrit
Kifri
Kalar
Kalar Road
Sarpol-e Zahab
Rawa
Hajin
Al Bukamal
Al Qa'im
Anah
Haditha
Samarra
Khanaqin
Jalula
Gilan Gharb
Therthar Lake
Balad
Miqdadiyah
Dejail
Khalis
Mandali
Baqubah
Hit
Ramadi
Falluja
Baghdad
Madain
Earth

UNHCR
Share:
Tweet
Liker
SYRIAN
ARAB REPUBLIC
IRAQ
DAMASCUS
Kandal
Dugirdkan
Dengawa
Talamatar
Kirkuk
Sulaymaniyah
Karimabad
Dizli
Bahramabad
Varmahang
Kermanshah
Sefid Chogha
Abu Kamal
Anah
Samarra
Baghdad (OCM)
Baghdad (SO)
Al Tash
Ruwayshed
no man's land
Ar Rutbah
Al Aligharbi

CAMP DIVISION INTO 10 AREAS, WITH CHW LIVING THERE.

| | |
|---|---|
| 1: | Left hand of administration lower part, towards East. |
| Tribes: | Babajani, Qubadi, Zeirani. |
| CHW: | Qadri Faiza (Qubadi) |
| 2: | Close to administration on right hand side (West) |
| Tribes: | Qubadi, Jowanroy, Mariwani, Kelhani, Kalkhanchak, Waladbagee, Alyakhayee, Nailky |
| CHW: | Habib Mohammadi (Nirzhi) Moh. Ali Suhrabi (Qubadi) |
| 3: | Close to cemetery (Northern part) |
| Tribes: | Taisha, Qajar, Waladbegee, AlyarkHayee. |
| CHW: | Najim Palani, Suhbat Lufti, E.Shujaeepour(f) (Taisha), Parwin Qanbary(f), Jalil Alipour (Waladbegi) |
| 4: | From market and 500m to the right (West) |
| Tribes: | Kakarashid, Kalashi, Gakhory, Bibiani, Aliarki, Babajani, Darwishi. |
| CHW: | Faramarz Almacy, Jahangir Mohamadi (Klashi), Karim Mohammadi (Gakhori), Aziz Mahmodi (Bibiani), Usman Mohammadi (Sargala), Gulzar Nagshbandi, Aziz Mohamad (Qadermerwacy). |
| 5: | Central part, not far from market, at the right side (West) of main road. |
| Tribes: | Aliassi, Jabri, Qadermerwacy, Tawgozy, Babajani. |
| CHW: | Abdul Karim Pahlosay (Qadermerwacy), Aliassi Fatma (f), Fanos (f), Sharaf (f), Bawa, Hassan, Habib, Shirkan, Taimoor (Aliassi). |
| 6: | Back part of camp, West-side. |
| Tribe: | Kalkhani |
| CHW: | Bawa Razai |
| 7: | Camp centre. |
| Tribes: | Kouick, Aliarky, Goshkory, Hadayaty, Darizangenah, Tawgozy, Tapani, Nirzhi. |
| CHW: | Ahssan Quicky (Hadayat), Hamid Nirzhi (Nirzhi), Namdar Safari, Hajar Alipour (Tapani). |
| 8: | A bit further out from centre, close to the edge of the camp. (East side). |
| Tribes: | Babajani, Qobadi, Kelani. |
| CHW: | Mohammadi Abdul Aziz (Nirzhi), Sarzal Ramazan (Aliassi). |
| 9: | Further 500 m from camp centre towards South. |
| Tribes: | Yussifyarahmadi, Qadermerwacy, Soufi, Tapani, Qadri. |
| CHW: | Palani Saleh, Palani Hassan, Elahi Rahman (Qadermerw.) |
| 10: | The far southern end of camp. |
| Tribes: | Mohabadi, Hawrami, Harky, Shoushmayee. |
| CHW: | None living there. |

**شەورای مامۆستایان نوێنەرایەتیی مامۆستایانی قوتابخانە نادەوڵتییەکانی دەکرد کە بۆ جیاکردنەوەیان لە قوتابخانەی دەوڵەتیی موجاهیدین، بە قوتابخانەی ئەهلی دەناسران.**




هەڵبەت بەڕێز مامۆستا خەیدان سنجابی کوردستانی بەر لە هەموو مامۆستایانی تر قوتابخانەی ئەهلیی لە ئۆردووگا کردەوە و تا ڕادەیەکی باش لە کاری خۆیدا سەرکەوتوو بوو و لانیکەم قوتابییەکانی لەدەستی ڕازی بوون. ئەو نە لەگەڵ نوێنەری خاچی سوور و نە لەگەڵ شەورای مامۆستایاندا هیچ هاوکارییەکی نەکرد و بە تەنیا و بە هاوکاریی قوتابییەکانی، قوتابخانەیەکی بە ژمارەیەکی زۆر قوتابییەوە بەڕێوە دەبرد. جا هۆکاری هاوکاری نەکردنەکەی پاراستنی ژمارەی زۆری قوتابییەکانی بێت بۆ داهاتی زیاتر یان هەر هۆکارێکی تر، بۆ من ڕوون نەبووەوە. دیارە ئەگەر دایکوباوکی قوتابییەکانی بیانویستایە دەیانتوانی لە شێوەی بەڕیوەبردنی قوتابخانە و هاوکاریکردنی لەگەڵ دەوروبەردا فشار بخەنە سەری، بەڵام لەبەر هەر هۆیەک بێ، ئەوانیش لێی گەڕان کە ئەو بە شێوەی خۆی قوتابخانەکەی بەڕێوە ببا.

ـ کەرەسەی خوێندن بۆ قوتابییان لە سەرەتاوە ژمارەیەکی زۆر کەم کتێبی خوێندنی فارسی پلەی سەرەتایی بوون کە خەڵک لە ئێرانەوە لەگەڵ خۆیان هێنابوویان و ئەو کتێبانە بوون بە سەرچاوە بۆ مامۆستایان و قوتابییان. مامۆستایان لە ڕووی ئەو کتێبانەیان نووسییەوە و دەستنووسەکانیان لەباتیی کتێبی دەرسی دا بە قوتابییان. دواتر کە قوتابییانیش فێری خوێندن و نووسین بوون، بۆ لە ڕوونووسینەوەی کتێب یارمەتی مامۆستایانیان دا. هاوینی ۱۹۸۸ هەیئەتی کۆڕی پەروەردە و بارهێنانی سەرانسەریی کوردستان و نوێنەرایەتیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرپەرستیی بەڕێز کاک دوکتور حوسەین خەلیقی هاتنە ئۆردووگا. ئەوان سەرەڕای یارمەتی بە یەکدەست (تەنزیم)کردنی پۆلەکان و کردنەوەی خولی فێرکردنی وانەوتنەوە بە زمانی کوردی بۆ مامۆستایان، کتێبە دەرسییەکانی کوردیی پۆلی ۱ و ۲یان بۆ دابین کردین. ئەمە خزمەتێکی زۆر گەورە بوو بە بواری خوێندن لە ئۆردووگای ڕومادی و جێگەی سوپاس و قەدرزانینە. ساڵی دواتر واتە ۱۹۸۹، کاتێک خاچی سوورمان لە گرفتی نەبوونی کتێب تێگەیاند و پێمان لەسەر داگرت، جیا لە دەفتەری نووسین و قەڵەم و بڕێکی تر کەرەستەی پێویست، ئەمجار ژمارەیەک کتێبی خوێندنی سەرەتاییشیان بە کورتکراوەیی بۆ هێنایین. پۆلی ۱ و ۲ و ۳ لە یەک بەرگدا و ٤ و ٥یش لە یەک بەرگدا. هەروەها توانیمان لەڕێگەی خاچی سوورەوە کتێبە دەرسییەکانی کوردیی پۆلی ۱ تا ٦ی سەرەتایی لە کۆڕی پەوەردە و بارهێنانی عێراق بە ڕادەی پێویست بۆ هەموو قوتابییان وەرگرین. بەڵام کتێبی جوگرافیای ئێران کە وێنە و نەخشەی ڕەنگیی تێدا بوو و بۆ ئێمە گرنگ بوو، دەستمان نەدەکەوت. من لەسەر تیکە پارچەیەکی سپیی ۱۰۰ X۱۰۰ سانتیمیتر نەخشەی ئێرانم کێشابوو و ناوی پارێزگا و شارە گرنگەکانم لەسەر دیاری کردبوو بۆ ئەوەی قوتابییەکان لانیکەم وێنەیەکیان لە شێوە و شوێنی هەڵکەوتەی شارەکانی

ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە لا دروست ببێ. هەر مامۆستایەک ناچار دەبوو بەبێ کتێبی جوگرافیا، بەپێی سەلیقەی شەخسیی خۆی بە جۆرێک وانەی جوگرافیا پێشکەش بکا
وانە وتنەوە لە قوتابخانە ئەهلییەکان لەسەرەتادا بە زمانی فارسی بوو و دواتر لە کۆتایی ٨٠کاندا بە دەستخستنی کتێبی کوردی بۆ پۆلە سەرەتاییەکان، زمانی کوردیشی پێ زیاد کرا. هەڵبەت وتنەوە و شیکردنەوەی وانەکان زیاتر بە کوردی بوون، چ ئەو کاتەی لە سەرەتاوە کتێبە دەرسییەکان تەنیا فارسی بوون و چ دواتریش کە بەشێک یان هەموو کتێبەکان بوون بە کوردی. ئەمەش هەم پەیوەندیی بەوەوە هەبوو کە چ کتێبگەلێکی دەرسی دەست بکەوێ و هەم بە بیرکردنەوەی دایکوبابەکان لە داهاتووی خوێندنی منداڵەکانیان. چونکە ژمارەیەکی زۆر لە خەڵک چاوەڕوانی دەرفەت بوون بۆ گەڕانەوە بۆ ئێران و لەم ڕووەوە دەیانەویست منداڵەکانیان زیاتر بە زمانی فارسی بخوێنن بۆ ئەوەی بتوانن دوای گەڕانەوەیان لە ئێران درێژە بە خوێندن بدەن.
لەسەر ڕاوێژگە (کومیتە یان شەورا)ی مامۆستایان: ئەو بەڕێزانەی لە سەرەتاوە لە ساڵی ١٩٨٥ەوە شەورای مامۆستایانیان دامەزراند و بە گوێرەی توانا خزمەتیان بە قوتابییانی ئۆردووگا کرد ئەو بەڕێزانە بوون: ١. موستەفا زارعی ٢. فەرهاد ڕاهنما ٣.ئەحەسەن خوشکدامەن. دوای ئەوەی بەڕیز مستەفا زارعی لە دیسامبری ١٩٨٧ و بەڕێز فەرهاد ڕەهنما لە ژانویەی ١٩٨٨ لەڕێگەی خاچی سوورەوە چوون بۆ سوید، ئەو بەڕێزانە بوون بە ئەندامی شەوراکە: ١.عوسمان کەوکەبیشاد ٢.عەزیم زەهاوی ٣.حەسەن محەممەدی ٤.ڕەشید حەیدەری ٥.حەسەن بهرووزی. سێ کەسی یەکەم تا هەڵبژاردنی ١٩٨٨/٠٨/٢٢ لە شەورادا مانەوە، بەڵام دوو کەسی ئاخر ماوەیەکی کورت لە شەورادا بوون.
مامۆستا ڕەشید دەڵێ هەر لە سەرەتای ١٩٨٨دا ئەو و کاک عوسمان پلانی ئەوەیان هەبوو کە بۆ یەکدەست (تەنزیم)کردنی قوتابخانەکان هەنگاو هەڵگرن و، بۆ ئەم مەبەستە سەردانی چەن موختار (کوێخا)یان کرد بۆ ئەوەی بە پشتیوانی ئەوان پلانەکەیان جێبەجێ بکەن، بەڵام پلانەکەیان سەرنەکەوت. جیا لە پلانی ئەوان، ئێمە چەن مامۆستایەک بەر لە هاتنی هەیئەتی نوێنەرایەتیی حیزب و بەڕێز کاک دوکتور خەلیقی بۆ ئۆردووگا، لە ناوچەکانی کلاشی، نەیلکی، قەڵخانچەک و بێویانی یەکدەست (تەزیم)کردنی قوتابخانەکانمان تا ڕادەیەک جێبەجێ کردبوو و بۆ ئەم کارە نووسراوێکمان لەنێوان مامۆستایانی بەشداردا واژۆ (ئیمزا) کردبوو. گەورەترین گرفتی سەر ڕێگەی یەکدەست (تەزیم)کردنی قوتابخانەکان ئەو مامۆستایانە بوون کە ژمارەی قوتابییانیان زۆر بوو و ڕازی نەدەبوون کە قوتابییەکانیان بەسەر قوتابخانەکانی تردا دابەش بکرێن چونکە داهاتی مانگانەیان زۆر کەم دەبووەوە. کاک عەزیم زەهاوی کە ساڵی ١٩٨٨ ئەندامی شەورای مامۆستایان بوو ژمارەیەکی زۆر قوتابی هەبوو و، لەبەر گەورەیی قوتابخانەکەی و حەوش و بانەکەی، قوتابخانەکەی ببوو بە ناوەندێک بۆ شەورای مامۆستایان و خاچی سوور.
سەرەڕای هەموو هەڵە و کەموکورتییەک، ئەم کەسانە لەسەریەک کارێکی بچووکیان دەست پێکرد، بەڵام ئاکامەکەی دواتر بەرهەمێکی گەورەی بوو بۆ بەشێکی زۆر لە قوتابییانی ئۆردووگا و لانیکەم ژمارەیەکی زۆر لە قوتابییان توانیان فێری خوێندن و نووسین ببن. زۆر لە قوتابییانی ئەو کات چ ئەوانەی گەڕانەوە بۆ ئێران و چ ئەوانەی لە باشووری کوردستان دەژین و چ ئەوانەی چوون بۆ وڵاتی سێهەم، ئێستە شانازی بەو زانیارییانەوە دەکەن کە لە قوتابخانە ئەهلییەکانی ئۆردووگای ڕومادیدا فێری بوون. ئەوان پێیان وایە پلەی زانستییان زۆر لە سەرەوەی ئەو

کەسانەی هاوپلەیانەوەیە کە لە قوتابخانە دەوڵەتییەکاندا و لە ژێر دەستی مامۆستایانی دەورەدیتوو خوێندوویانە.
هەر لە ساڵی ١٩٨٤ەوە تا کاتی تێکچوونی ئۆردووگای ڕومادی لە ساڵی ٢٠٠٣، واتە لە ماوەی ٢٠ ساڵدا ژمارەیەکی زیاتر لە مامۆستایان چ وەک مامۆستا و چ وەک ئەندامی شەورای مامۆستایان بە گوێرەی توانا خزمەتیان بە پەروەردە و فێرکردنی قوتابییانی ئۆردووگاکە کرد. کار و خزمەتی ئەوان و هەموو مامۆستایانی تر، هەرکەس لە جێگەی خۆیدا و بەگوێرەی زەحمەت و دڵسۆزییەکانیان، جێگەی ڕێزە و بەتایبەت لە بیری قوتابییەکانیاندا دەمێنێتەوە. لە ئۆردووگا لە ساڵی ١٩٩١دا نزیکەی ١٢٠ مامۆستا و ٥٠٠٠ قوتابی سەر بە شەورای مامۆستایان هەبوون. کار و خزمەتی ئەندامانی شەورای مامۆستایان و هەموو مامۆستایانی دڵسۆزی تر لە قوتابخانە ئەهلییەکان، جێگەی ڕێز و پێزانینە و لە ئاسمانی مێژووی ژیانیاندا وەک ئەستێرەیەک دەدرەوشێتەوە. ئەگەر کەسیش سوپاسیان نەکا، ئەوا ئەوان ویژدانی خۆیان بەو خزمەتانە ڕازی کردووە و ئەوەیش گرنگترین پاداشت و پێزانینە. من بە ئەرکی خۆمی دەزانم لێرەدا جیا لە ڕێز لێگرتن لە هەموو مامۆستایان، لانیکەم ناوی ئەو مامۆستایانەش بنووسم کە لە ماوەی ٤ ساڵدا لەگەڵ من لە شەورای مامۆستایان بوون. ئەوانەی لە بیرم ماون دەیاننووسم، بەشکەم لە داهاتوودا هەم ئەم ناوانە تەواوتر بکرێن و هەم ناوی ئەوانەی ساڵانی دواتری پێ زیاد بکرێ.
بە هەوڵی بەڕێز کاک دوکتور خەلیقی و هەیئەتی حیزب ڕۆژی ١٣٦٧/٠٥/٣١=١٩٨٨/٠٨/٢٢ مامۆستایانی ئۆردووگا لە قوتابخانەی بەڕیز کاک عەزیم زەهاوی کۆبوونەوە و ئەو بەڕێزانەی خوارەوە بۆ ئەندامەتیی شەورای مامۆستایان هەڵبژێران بۆ ماوەی ١ ساڵ:
١.نادر سەفەری (٤٦ دەنگ) بوو بە بەرپرسی شەورای مامۆستایان، ٢.عوسمان کەوکەبی شاد (٤٥ دەنگ)، ٣.فەرامەرز ئەڵماسی (٣٩ دەنگ)، ٤.عەبدوڵا عەباسی (جێگر)
دوای دەستپێکردنی کار بۆ یەکدەست (تەنزیم)کردنی پۆلی قوتابخانەکان، دەرکەوت کە ئەرکەکان کاری زۆر زیاتریان دەوێ و ئێمە بۆ سەرکەوتن لە ئەرکەکانماندا پشتیوانی ژمارەیەکی زیاتر لە مامۆستایانمان پێویستە. هەروەها ژمارەیەک لە مامۆستایان کە لەبەر بوونی بەڕێز دوکتور خەلیقی لە کۆبوونەوەکەدا، هەڵبژاردنی شەورای مامۆستایانیان بە کارێکی سیاسی لێک دابووەوە و خۆیان کاندید نەکردبوو، دواتر سوور بوون لەسەر بەشداربوونیان لە بەڕێوەبەریی شەورادا. کاک عوسمان کەوکەبیشاد لەبەر خۆئامادەکردن بۆ دەرەوە یان هەر هۆیەکی تر بووبێ، دوای یەک یان دوو مانگ دەستی لە کاری شەورا کێشایەوە و ٣ کەس مایەنەوە. لەبەر ئەو هۆیانەی باس کران، ٤ یان ٦ کەسی تر بە شەورا زیاد کران. ناوی ئەوانەی ئەو دەورەیە زیاد کران و باقیی ئەو مامۆستایانەی دواتر ساڵانی ١٩٨٩ تا ١٩٩٢، لە شەورای مامۆستایاندا ئەرکیان بە ئەستۆ گرت لە خوارەوە دەنووسم. لە ٣ هەڵبژاردنی دواتر لە هاوینی ١٩٨٩، ١٩٩٠ و ١٩٩١ بە هۆی زیادبوونی ژمارەی قوتابییان و ئەرکەکانی شەورای مامۆستایان، ژمارەی ئەندامانی شەورا لە ٩ کەس بۆ ١١ کەس زیاد کرا و لەو ٣ دەورەیەدا من، فەرامەرز ئەڵماسی، ئەندامی بەڕێوەبەری و بەرپرسی شەوراکە بووم. بۆ یەکدەست (تەنزیم)کردنی پۆلەکان و ڕێکوپێک کردنی دۆخی قوتابخانەکان، بەتایبەت ئەندامانی شەورای ساڵی ١٩٨٨ بەرەوڕووی زۆر دژواری و گیروگرفت بوونەوە کە بەرپرسی ئەوکات بەڕێز مامۆستا نادر سەفەری بە یارمەتی کۆمیتەی حیزب و مامۆستایانی دڵسۆز ڕۆڵی زۆر گرنگی بوو لە چارەسەرکردنی بەشی زۆری ئەو گرفتانەدا. ئەو هەروەها یەکێک لەو دەگمەن مامۆستایانە بوو کە دواتر وانەی بە ژمارەیەک لە قوتابییانی دەورەی ناوەندی، واتە پۆلی ٧ و بەرەو سەرەوە وتەوە. بەشێک لەو گرفتانەی سەر ڕێی شەورای مامۆستایان، بەتایبەت هاوکاری نەکردنی وەک پێویستی بەشێک لە مامۆستایان، لە ساڵانی دواتریشدا هەر بەردەوام

بوون. بەڵام ئێمە کۆڵمان نەدا، چونکە هەم بڕوامان بە کارەکەمان هەبوو، هەم پشتگیریی زۆربەی مامۆستایان و کومیتەی حیزب لە ئۆردووگای ڕومادی و هەم پشتیوانیی زۆربەی دایکوباوکی قوتابییانمان لە پشت بوو. کومیتەی حیزب بەردەوام هەوڵی دەدا لە ڕێگەی ئەندامان و لایەنگرانیەوە پشتیوانی شەورای مامۆستایان بێ بۆ لابردنی گیروگرفتەکان. یارمەتی کومیتەی حیزب بە شەورای مامۆستایان لەم بوارەدا ڕۆڵی زۆر گرنگی گێڕا و جێگەی سوپاس و پێزانینە.

شایانی باسە کە من ئەم نووسراوەیەم نارد بۆ ١٥ کەس لە ئەندامانی شەورای مامۆستایان کە ئیمەیلیانم هەبوو، بۆ ئەوەی هەم هەڵەکانم بۆ ڕاست بکەنەوە و هەم ڕای خۆیانم بۆ بنووسن. ١٤ کەسیان ئەرکیان کێشاو و پەیوەندییان گرت و سەرەڕای دەستخۆشی، ڕای خۆیان نووسی و بەشێک هەڵەیان بۆ ڕاست کردمەوە. سوپاسی هەموویان دەکەم، چ ئەوانەی دەستخۆشییان کرد و یارمەتییان دام، چ ئەوانەی ڕەخنەیان گرت و بە ڕەخنەکانیان نووسینەکەیان باشتر کرد. بەتایبەت سوپاسێکی زۆر بۆ مامۆستا ڕەشید حەیدەری کە ئەرکی پێداچوونەوە و ڕاستکردنەوەی هەڵەی نووسین و ڕێزمانی وەئەستۆ گرت و ڕای خۆیشی دەربڕی. یەکێک لەو ١٤ مامۆستایە و هاوڕێیەکی تریش ڕەخنەیان لە نووسینەکە و لە وتووێژەکەی من لەسەر کاناڵی ڕۆژهەڵات تیڤی گرت. من جیا لە وەڵامدانەوە بە شەخسی خۆیان، کورتەیەک لە ڕەخنەکانی ئەوان و وەڵامەکانی من بۆ ئەوان لە کۆتایی دوایین بەشی ئەم نووسراوەیەدا دادەنێم بۆ ئەوەی خوێنەران ڕای ڕەخنەگرانیش بخوێننەوە و تەنیا ڕای من زەق نەبێتەوە. سەرەڕای ئەوە، هەوڵم داوە ئەو بەشەی ئەوان ڕەخنەیان لێ گرتووە و بە ناتەواویان زانیوە ڕاستی بکەمەوە و لەم نووسینەدا بیگونجێنم. لەوانەیە ئەو بەڕێزانە لە وەڵامەکانی من بەتەواوی ڕازی نەبن و دڵنیام ئەگەر ئەوانیش ڕازی بن دیسانیش کەسانێک دەبن کە لە گۆشەنیگای خۆیانەوە ڕەخنەی تریان لەسەر ئەم نووسینە دەبێ، چونکە هیچ شتێک ناتوانێ هەموو مرۆڤەکان وەک یەک ڕازی بکا. تکایە ئەگەر لەم نووسینەشدا هەر هەڵەیەک دەبینن ئاگادارم بکەنەوە بۆ ئەوەی بەگوێرەی توانا لە داهاتوودا ڕاستی بکەمەوە. پێشەکی سوپاسی یارمەتیدانی ئێوەی بەڕێز دەکەم و هیوادارم ئەم نووسینە کەڵکی خوێندنەوەی هەبێ و کاتەکەتان لەکیس نەدا. ناوی باقیی ئەندامانی شەورای مامۆستایان تا کۆتاییساڵی ١٩٩٢ ئەوانەی لە بیرم مابوون و بەشێکیش هاوڕێیان بۆیان تەواوتر کردم:

١ـ ڕەحیم محەممەدی
٢ـ براعەزیز ئەسپەری
٣ـ محەممەد ئەمین فەتاحی
٤ـ ئەمین عەلی وەیسی
٥ـ نامدار سەفەری
٦ـ محەممەد عەلی سوهرابی
٧ـ بابان ئەلیاسی
٨ـ عەبدولکەریم پەهلووسای
٩ـ ئەحمەد تەیمووری
١٠ـ شێرخان خوسرەوی
١١ـ محەممەد مورادی
١٢ـ عالیخان ئەسپەری
١٣ـ عەلی عەباس محەممەدی
١٤ـ عەزیز مورادی
١٥ـ حەسەن عەباسی

١٦ـ مەنسوور قەنبەری
١٧ـ باوا ڕەزایی
١٨ـ سالّح پالّانی
١٩ـ مەجید ئەلیاسی
٢٠ـ مەلّک محەممەد چراغی
٢١ـ محەممەد نەقشبەندی
٢٢ـ ئیبراهیم شوجاعیپوور

خوالیّخۆشبوو ئەحمەد وەیسی ئەگەرچی ئەندامی شەورای مامۆستایان نەبوو، بەلّام بە دلّخوازی خۆی و بە ئامانجی خزمەتکردن، ئەرکی وەرگێڕانی قەبووڵ کردبوو و لە کاتی پێویستدا بۆ وەرگێڕانی قسەکانی نوێنەری خاچی سوور یارمەتیدەری شەورای مامۆستایان بوو. دواتر بەڕێز سالّح پالّانی وەک ئەندامی شەورای مامۆستایان چەند سالّێک ئەم ئەرکەی وەئەستۆ گرت.


دریای مازندران
(خزر)
عراق
خلیج فارس
عربستان سعودی
امارات
دریای عمان



خوی
مرند
اهر
مشکین شهر
شاهپور
رضائیه
تبریز
سراب
اردبیل
آستارا
بندر پهلوی
لنگرود
مراغه
سراسکندر (هشترود)
میانه
هروآباد
صومعه سرا
فومن
رودسر
رودبار
شهسوار
نقده
مهاباد
پیرانشهر
میاندوآب
سردشت
زنجان
سقز
بانه
بیجار
ابهر
قیدار
قزوین
کرج
مریوان
قروه
ساوه
همدان
سنقر
کرمانشاه
تویسرکان
قصر شیرین
شاه آباد
ملایر
نهاوند
تفرش
اراک
خمین
محلات
بروجرد
ایلام
مهران
خرم آباد
الیگودرز
گلپایگان
داران
دزفول
مسجد سلیمان
شهرکرد




فەرامەرز ئەڵماسی

www.peshmergekan.com

**٤ـ ئەرکتان وەک شەورای مامۆستایانی ئۆردووگای ڕومادی چی بوو؟**

ـ هەموو ئەندامانی ڕاوێژگە (شەورا)ی مامۆستایان وەک مامۆستاکانی تر لە پۆلی خۆیاندا وانەیان دەوتەوە و جیا لەوە ئەرکەکانی شەورای مامۆستایانیشیان ڕادەپەڕاند. دیارە ئەمە شتێکی زۆر گونجاو نەبوو، بەڵام ئێمە ناچار بووین و ڕێگەچارەی ترمان نەبوو. بەشێکی زۆر لە ئەرکەکانمان ئێواران دوای کاتی وانەوتنەوە جێبەجێ دەکرد. ئەرکەکانی شەورای مامۆستایانی ئۆردووگای ڕومادی لە ماوەی نزیکەی ٢٠ ساڵدا، واتە لە ١٩٨٥ تا ٢٠٠٣، بەپێی کات گۆڕانی بەسەردا هات. شەورای مامۆستایان بەگشتی ئەو ئەرکانەی خوارەوەی جێبەجێ دەکرد:

ـ شەورای مامۆستایان پردی پەیوەندیی نێوان مامۆستایان و خەڵک لە لایەک و خاچی سوور و ساڵانی دواتر بەشی پەنابەرانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان (UNHCR) لە لایەکی ترەوە بوو.

ـ دابەشکردنی ئەو کەرەسانەی خاچی سوور دەیهێنان بۆ قوتابیان و دابەشکردنیان بەسەر قوتابییاندا لە ڕێگەی مامۆستاکانیانەوە. دواتریش دابەشکردنی کتێبی کورتکراوی خوێندنی فارسی پلەی ١ ـ ٧ کە خاچی سوور دەیهێنا.

ـ لە ساڵی ١٩٨٥ تا ١٩٨٨ شەورای مامۆستایان زیاتر پردی پەیوەندیی نێوان مامۆستایان و خاچی سوور بوو و، نە شەورای مامۆستایان و نە خاچی سوور دەرفەتی خۆتێگەیاندنیان لە شێوەی بەڕێوەچوونی قوتابخانەکانیان بۆ نەڕەخسا و مامۆستاکان لەسەر سەلیقە و ویستی خۆیان کاریان دەکرد. بۆ باشترکردنی دۆخی قوتابخانەکان هاوکارییەکی بەرچاو لە نێوان مامۆستایاندا نەبوو، جیا لە هەوڵی چەن مامۆستا لە چەن ناوچەیەکی بچووکدا نەبێت.

ـ یەکدەست (تەنزیم)کردنی قوتابخانەکان، واتە دابەشکردنی قوتابییان بەسەر قوتابخانەکاندا بەپێی پلەی خوێندن، بە شێوەیەک هەر مامۆستایەک کەمترین ژمارەی پۆلەکانی بەر بکەوێ نەک

چەن پۆلێک بۆ یەک مامۆستا، بەتایبەت لە هاوینی ساڵی ١٩٨٨ بە دواوە. لە هاوینی ئەم ساڵەدا بوو کە بەڕێز کاک دوکتور حوسێن خەلیقی لەگەڵ هەیئەتێکی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران سەردانی ئۆردووگایان کرد. ئەوان هەم توانییان دایکوباوکی قوتابییان و مامۆستایان بۆ دابەشکردنی پۆلەکان ڕازی بکەن و هەم دەورەیەکی فێرکردنی وتنەوەی وانەی کوردییان بۆ مامۆستایان کردەوە و کتێبی خوێندنی کوردیشیان بۆ قوتابییان هێنابوو. ئەوان لەم بارەوە خزمەتێکی گەورەیان بە یەکدەست (تەنزیم)کردنی قوتابخانەکان کرد و ئەم خزمەتە شایانی سوپاس و پێزانینە و لە بێر ناچێتەوە. هەڵبەت ئەم کارە، واتە یەکدەست (تەنزیم)کردنی قوتابخانەکان چاکسازی تریشی لەگەڵ بوو، بۆ نموونە:

ـ دانانی کاتێکی دیاری بۆ کردنەوەی قوتابخانەکان و بۆ پشووی هاوینە کە تا ساڵی ١٩٨٨ سنوور و کاتێکی دیاری کراوی نەبوو و قوتابی کەی بیویستایە دەستی بە خوێندن دەکرد.

ـ کۆکردنەوەی هەموو ئەو پارەی مانگانەیەی، هەر قوتابییەک مانگی ٢ دینار، قوتابییان دەیاندا بە مامۆستایان و دەخرایە سەریەک و لە نێوان هەموو مامۆستایاندا وەک یەک دابەش دەکرا.

ـ وەرگرتنی کتێبی دەرسیی کوردی پۆلی ١ و ٢ لە هەیئەتی حیزب و لە ساڵی ١٩٨٩ وەرگرتنی کتێبی پۆلی ١ تا ٦ لە وەزارەتی پەروەردە و فێرکردنی عێراق.

ـ وەرنەگرتنی ئەو قوتابییانەی بەبێ هۆ لە قوتابخانەیەکەوە دەچوون بۆ قوتابخانەیەکی تر.

ـ داوای فەرمی لە دامودەزگای پەروەردە و بارهێنانی پارێزگای ئەنبار لە شاری ڕومادی بۆ وەرگرتنی قوتابییانی قوتابخانە ئەهلییەکان بۆ درێژەدانی خوێندن لە پلەکانی سەرەوەتر لە شاری ڕومادی. بۆ جێبەجێکردنی ئەم ئەرکە داوامان لە بەشی پەنابەرانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانیش کرد کە پاڵپشتی داواکەمان بن. ئەم داوایە دواتر بۆ وەرگرتنی ژمارەیەکی کەم لە قوتابییان قەبووڵ کرا. بەشێک لە داواکارییەکان لە لایەن بەڕێز مەلا مەحموود جافی بە نووسینێکی جوان و سەرنجڕاکێش نووسراون. سەیری هاوپێچەی ژمارە ٦ و ٧ بکە!

ـ داوای شەورای مامۆستایان بۆ گواستنەوەی قوتابخانەی دەوڵەتیی موجاهدین بۆ بەشی سەرەوە، واتە بۆ باکووری ئۆردووگاکە. چونکە دوای ئەوەی ژمارەیەکی زۆر لە بنەماڵەکان دوای دەستپێکردنی شەڕی کوەیت لە سەرەتای ساڵی ١٩٩١ەوە گەڕانەوە بۆ ئێران، ژمارەیەکی تر گواستیانەوە بۆ شوێنەکانی ئەوان کە لە دامودەزگا و بەڕێوەبەریی ئۆردووگاوە نزیک بوو و بەشی باشووری ئۆردووگا چۆڵ ببوو. سەیری هاوپێچەی ژمارە ٨ بکە!

ـ یارمەتیدانی قوتابخانە دەولەتییەکان بەو کەرەسانەی کە لەبەر دەستماندا هەبوو، بۆ ئەوەی ئەوانیش بە دڵسۆزی زیاترەوە قوتابییەکانی خۆیان، کە بەشێک لە منداڵانی ئۆردووگا بوون، بار

بێنن و یارمەتیدەریان بن بۆ درێژەدانی خوێندن لە پلەکانی سەرەوەتر. هەڵبەت بەشێک لە قوتابییان هەم لە قوتابخانە ئەهلییەکان و هەم لە قوتابخانەی دەوڵەتی موجاهیدیندا دەیانخوێند بۆ ئەوەی لە ئەگەری مانەوەیان لە ئۆردووگا شانسی درێژەدانی خوێندن لە شاری ڕومادییان زیاتر بێت. سەیری هاوپێچەی ژمارە ٩، ١٠، ١١ و ١٢ بکە!

ـ بیناکردنی کارگەیەک بە هاوکاریی خاچی سوور لە ساڵی ١٩٨٨ بۆ ئەوەی لە بەشێکیدا لەو پارچەیەی خاچی سوور دەیهێنا جلوبەرگ بۆ منداڵانی کەم دەرامەت بدوورن و چەن جۆڵایەکیش بەرماڵ و مەوج بکەن بۆ ئەو کەسانەی بەرپرسی کارگە دیاریی دەکردن. ئەمە خواستی خاچی سوور بوو و دواییش کە نوێنەری یوو ئێن ـ بەشی پەنابەرانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان (UNHCR)ـ دوای شەڕی کوەیت جێگەی خاچی سووری گرتەوە، کارەکان تا ڕادەیەک وەک پێشوو بەردەوام بوون. لە لایەن شەورای مامۆستایانەوە سەرەتا کاک محەممەد ئەمین فەتاحی ساڵێک بەرپرسایەتیی کارگەی لە ئەستۆ بوو و دواتریش کاک عەبدولکەریم پەهلووسای جێگەی ئەوی گرتەوە و دوو ساڵ بەرپرسی کارگەکە بوو.

هەڵبەت نوێنەری خاچی سوور دەیەویست بە هۆی ئەم کارگایەوە بڕێک لەو کەسانەی پیشەیەکی وەک جۆڵایی، بەرگدووری، کڵاش چنین و بڕێک پیشەی سادەی تر دەزانن کۆبکاتەوە و، لەم ڕێگەیەوە هەم سەرگەرمییەک بۆ دانیشتوانی ئۆردووگا دروست بکا و هەم لە بەرهەمی کاری ئەوان یارمەتی بە بەشێکی تر لە خەڵکەکە بدا. لەڕاستیدا ئەمە ئەرکێکی جیاواز لە ئەرکی شەورای مامۆستایان بوو، بەڵام لەبەر ئەوەی نوێنەری خاچی سوور زیاتر متمانەی بە شەورای مامۆستایان هەبوو، ئەمەشی کرد بە ئەرکێک بەسەر شەورای مامۆستایانەوە. ئەمە بۆ هەموو مامۆستایان و شەورای مامۆستایان سەربەرزی بوو کە نوێنەری خاچی سوور لە ناو ئەو هەموو نوێنەرایەتی و دامودەزگا دەوڵەتییەدا متمانەی بە شەورای مامۆستایان هەبوو و دەیەویست ئەو کارگایەش بکەوێتە ژێر بەرپرسایەتی شەورای مامۆستایان.

ـ دانانی کتێبخانەیەک بۆ مامۆستایان لە بەشیکی بینای کارگەگەی خاچی سووردا.

ـ دابەشکردنی ژمارەیەک وشەدانە (فەرهەنگی ئینگلیزی ـ فارسی) بەسەر مامۆستایاندا.

ـ چاودێری و پاراستنی ئەو کەلوپەلانەی لە کارگەی خاچی سووردا بوون تا کاتی گەڕانەوەی بەکۆمەڵی خەڵک بۆ ئێران کە دوای شەڕی کوەیت و لە سەرەتای ساڵی ١٩٩١ەوە دەستیپێکرد. هەڵبەت بیناکە و کەلوپەلەکان نیگابان یان پارێزەریان هەبوو، بەڵام بەرپرسایەتییەکەی بەتایبەت لە دۆخێکی وەها ناڕووندا زیاتر هەر لەسەر شەورای مامۆستایان بوو. لەو کاتەوە دۆخی ئۆردووگا کەوتە بوارێکی ناڕوون و ناجێگرەوە و خەڵک کەوتنە دڵەڕاوکێی ئەوەی چی بکەن و ڕوو لە کوێ بکەن. ژمارەیەک بە کەڵک وەرگرتن لە تاریکایی شەو و بە قەبووڵکردنی زۆر مەترسی، خۆیان گەیاندەوە ئێران و لە ئۆردووگای بانگەڕ لە نزیکی شاری سەرپێڵی زەهاو جێگیر

کران. ژمارەیەکیش خۆیان گەیاندە کوردستانی باشوور و ژمارەیەکیش بە هیوا بوون یوو ئێن بیاننێرێ بۆ وڵاتی سێهەم. ژمارەیەکی تریش هیچ پلانێکیان نەبوو و لە بەر بێدەسەڵاتی و ناچاری خۆیان دابووە دەست قەزا و قەدەر و چاوەڕوانی پێچ و دەوری ڕووداوەکانی داهاتوویان دەکرد. دوای تاڵییەکانی کاتی دامەزراندنی ئۆردووگا بەر لە ١٠ ساڵ، ئەم جارەش دۆخێکی تاڵ و ناڕوون خولڤا و خەڵک نەیاندەزانی ڕوو لە کوێ بکەن. ژمارەی دانیشتوانی ئۆردووگا گەیشتبووە نیوەی ساڵی ١٩٩٠.

جیا لە کەمبوونەوەی ژمارەی دانیشتوانی ئۆردووگا، قوتابییانیش لەبەر دڵەڕاوکێ و بێ داهاتوویی و ئەو گرانییەی کە لە ئاکامی شەڕی کوەیتدا سەری هەڵدابوو، وازیان لە خوێندن دەهێنا. هاوینی ١٩٩٢، واتە بۆ ساڵی خوێندنی ٩٣ ـ ٩٢، نزیکەی ٥٠٠ قوتابی تر دەستیان لە خوێندن هەڵگرت و لە کۆی نزیکەی ١٠٠ مامۆستای پۆلە سەرەتاییەکان تەنیا ٢٥ مامۆستا درێژەیان بە وانەوتنەوە دا. لە نزیکەی ٤١٠٠٠ کەسی دانیشتووی ئۆردووگا تەنیا ٢٠ تا ٢٥ هەزار کەسیان مابوونەوە کە بەپێی ئاماری خاچی سوور، لەم ژمارەیەش ١١٧٠٠ کەسیان لای بەشی پەنابەرانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان (UNHCR) ناونووسییان کردبوو بۆ گەڕانەوە بۆ ئێران. ئەمانە بەشێکیان دواتر گەڕێندرانەوە، بەڵام بەشی زیاتریان هەر لە چاوەڕوانیدا مانەوە کە دواتر ژمارەیەکیان لە ڕێگەی جۆراوجۆرەوە گەڕانەوە بۆ ئێران.

لە وەها دۆخێکدا و بەتایبەت لە هاوێنی ١٩٩٢دا داهاتووی ژیانی ئۆردووگا بەگشتی و قوتابخانەکان بەتایبەتی زۆر ناڕوون بوو. کەلوپەلەکانی ناو بینای خاچی سووریش کە پاراستنی لە ئەستۆی شەورای مامۆستایاندا بوو، کەوتبوونەوە مەترسییەوە. ئێمە لە شەورای مامۆستایان بە ئاگاداریی و هاوڕایی بەشی پەنابەرانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان (UNHCR) لە بەغدا، بەشێک لەو کەلوپەلانەی کە کەمتر کەڵکیان لێ وەردەگیرا یان هەر کەڵکیان لێ وەرنەدەگیرا فرۆشتمان و، پارەکەمان لە بەرانبەر ڕەسید (پسوولە)دا، تەحویلی نوێنەری بەشی پەنابەرانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە بەغدا دا. داوامان لە UNHCR کرد ئەو پارەیە لە دەرفەتێکی تردا خەرجی پێداویستیی تری قوتابخانەکان بکرێ.

من باسکردنی ئەم زانیارییە بە پێویست دەزانم چونکە دوای دەرچوونی من لە ئۆردووگا وەک بەر پرسی شەورای مامۆستایان، بڕێک تۆمەت بەرەوڕووی ئەو بەڕێزانە کرایەوە کە لە بەڕێوەبەریی شەوراکەدا مابوونەوە. لەو کاتەدا بەشێک لە خەڵک گەڕابوونەوە بۆ ئێران و بەشێک بۆ کوردستان و زۆربەی ئەوانەش مابوونەوە ناونووسییان کردبوو بۆ گەڕانەوە بۆ ئێران. بەم هۆیەوە ژیان لە ئۆردووگادا لە دۆخێکی زۆر ناجێگیر و سەرلێشێواویدا بوو. لە دۆخێکی وەهادا و دوای دەرچوونی من، تەنیا مامۆستایان نامدار سەفەری و ساڵح پاڵانی لە بەڕێوەبەری شەورای مامۆستایاندا مابوونەوە. ئەوان سەرەڕای چەند ساڵ زەحمەت و ماندووبوون بە کاری شەورای مامۆستایانەوە، لەگەڵ ئەو هەموو بێهیواییەدا بەرەوڕوو بوونەوە و سەرباری ئەوەش لە باتیی ڕێزلێگرتنیان، بەرەوڕووی تۆمەت بوونەوە. نەک تەنیا تۆمەتی ئەوەی کە گوایە پارەی ئەو کەلوپەلە فرۆشراوەیان بۆ خۆیان هەڵگرتووە، بەڵکوو تۆمەتی ئەوەش کە گوایە نوێنەری (UNHCR) پارەی

وەک یارمەتی بۆ خەڵکی ئۆردووگا هێناوە و بە شەورای مامۆستایانی داوە و ئەوان لەنێوان خۆیاندا دابەشیان کردووە. هەرکەس تۆزقاڵێک لەگەڵ شێوەی کاری نوێنەری (UNHCR) ئاشنا بێ، دەزانێ کە وتەی وەها تەنیا تۆمەتە و هیچی تر.لەبەر پەیوەندیی زۆر کزی ئەو کات لە ئورووپاوە بۆ ئۆردووگا، من نازانم ئەوان کۆپی ئەو ڕەسیدەیان لەلا هەبوو یان نە و، هەروەها ئایا ئەوان توانییان لە ڕێگەی نوێنەری (UNHCR) لە بەغدا دڵنیایی بە خەڵک و بە مامۆستایان بدەن کە ئەوە شەورای مامۆستایانە کە پارەی تەحویلی نوێنەری (UNHCR) داوە و ڕەسیدی وەرگرتووە نەک پێچەوانەکەی؟ لەوانەیە ئەم زانیارییە یارمەتییەک بێ بە ڕوونکردنەوەی ئەو دۆخە و ڕەواندنەوەی ئەو تۆمەتە کۆن بووە لەسەر کەسانێک کە لە دژوارترین ساڵەکاندا لەباتیی پارەکۆکردنەوە لە ڕێگەی کار و کاسبییەوە، بە پارەیەکی کەم هەوڵی ڕێکوپێک کردنی قوتابخانەکان و خوێندەوارکردنی منداڵانی ئۆردووگایان دا. سەیری هاوپێچەی ژمارە ١٣ و ١٤ بکە !

بسم الله الرحمن الرحيم

السيد مدير تربية الرمادي المحترم

م. طلب شهادة المدرسي

بعد اهداء تهنيات خالصة نتمنى لكم جميعاً موفور الصحة والعافية كما لا يخفى على سيادتكم
نحن معلمي المدارس في معسكر اللاجئين خدمة للمجتمع الانساني وعملاً واحتراماً لأداء واجب وظيفة علمية
ومكافحة لمحو الأمي أحدثنا وبنينا داخل المعسكر مدارس متعددة بمصارف وعلى حسابنا الشخصية لتعليم
الاطفال من الصنوف المختلفة الإبتدائية على الكتب المتداولة في العراق وباللغة الكردية الى أن أكمل عدد من
تلاميذنا الصف السادس الابتدائي ولكوننا فاقدين للمدارس الثانوية وهم مصرين وحريصين لإكمال
دراستهم ويحبون دخولهم في المدرسة الرسمية العراقية في المعسكر مستفدين من العطايات العلمية
في العراق ولكن لا توجد لدينا ولديهم شهادة رسمية وبهذه المناسبه شورى المعلمين في معسكر
اللاجئين يستدعي من سيادتكم ببذل جهد واسع باستحصال الموافقة لاعطاء هذه التلاميذ
شهادة السادس الابتدائي بأي طريق ممكن ويقتضيه القانون قبل افتتاح المدارس للسنة المقبلة
لئلا يكون سعينا وسعيهم عبثاً ويكون عملكم وفضلكم هذا نموذجاً علمية يذكركم في ذاكرتنا ذكر خير هذا ولكم
جزيل الشكر مع التقدير؛

المستدعي عن شورى المعلمين في معسكر اللاجئين

فلامرز نادر قادر

١١/٦/١٩٩٠

بسم الله الرحمن الرحيم

الى /وزارة التربيه /قسم اللغه الكرديــــة

م/ طــلب اعــطاء شهــادة

بناء على مقتضى العلمي والثقافي واللدراسه العلميه نحن معلمي معسكر اللاجئين فــي محافظه الانبــار كما لا يخفى كـنـا حارسي الاطفال لتربيتهم الثقافه العلميه والدراسه العلميه احياء للشرف العلمي وأداء الواجب الانساني وعـملا بالوظيفه العلميه قد احدثنا مدارس محليه اهليه عـددها (١٢٠) مئه وعـشرون مدرسه تحتوى عـلى عـلى (٤٦٠٠) اربعـــه الاف وستمائه طالبا ومن هذا العدد (٤٠٠) اربعمائه طالب اكملوا الصف السادس الابتدائي ولعدم وجود شهاده السادس الابتدائي وكانت شهادتنا لهم محليــه غــير رسميه لنا ولهم حاجه الى اخذ الشهاده عــن طريق رسمي واجراء الامتحانات اللازمه فــي دروسهم ولا يخفى ان وزارة التربيه قــسم اللغه الكرديه قد اعطانا موعدا عــن طريق الصليب الاحمر عـلى انهـــم وافقوا حول هذا الموضوع ونحن شورى المعلمين والاطفال واولياءهم انتظرنا وترقبنا لهذا الموعـد والذى جدير بالذكــر انه قريب ان تفتح المدارس للسنه الدراسيه الجديده وكان هذا الموعـد لم تثبت بل وكانت باقيه راكـده وبلا جواب حتى ان التقينا بالسيد مـدير تربيه محافظه الانبار بحريفه مؤرخه فــــــــي ١١/٦/١٩٩٠ وكان المدير قد تفحص عــن هذه المسؤوليه وذلك لعدم وجود الدراسه الكرديه في مديريتهم وانه قد قام بالاتصال الهاتفي مع وزاره التربيه حسب ما اقر السيد المدير انه قد حصلت الموافقه من تلك الوزاره لهذا الموضوع وبهذه المناسبه لكي لا يكون سعينا وسعي الاطفال.نحن جئنا لها طارقين مرة اخرى باب لطفكم بالموافقه حول الموضوع وعـدم التأخير ونستدعـي استعجال الموضوع قبل نهايه السنه الدراسيه وقبل افتتاح المدارس للسنه الجديده لكي يستفيد هذا المجموع من التلاميذ من الدراسه العراقيه بصوره رسميه وبضمنها نستدعـي ايضا اذا يمكن حسب اقتضاء العلمي استلام بقيــه الاطفال في المدارس واحالتهم الى المدارس الحكوميه او افتتاح باب يكون معينا لهم في اعـطائهم مزيدا من العلم والمعرفــه هذا ولكم جزيل الشكر والتقدير .

عــن

شورى المعلمين فــي معسكر اللاجئين

فــي محافظه الانبـــــار - فلامرز نادر قادر

١٩/٦/١٩٩٠م

بسم الله الرحمن الرحيم

السيد مدير العام لتربية الانبار المحترم

و بواسطة السيد ادارة مدرسة المجاهدين الابتدائية المختلطة المحترم

م: نقل موقع المدرسة

علماً. بأن عدداً كثيراً من العوائل اللاجئين قد ترحلوا الى ايران وتجمع عدد الباقي قرب سيطرة المعسكر وأن اطفالنا يواجهون الصعوبات الكبيرة للوصول الى المدرسة ولما كانت المدرسة من الخيم فيرجى تفضلكم بالموافقة على نقل الخيم من مكانها الحالي الى اقرب مكان يلائم تجمع السكان الحالي وتسهيلاً لحالة الاطفال ولكم الشكر ،/

مقدمو الاستدعاء

١- فلامرز نادر قادر

٢- ملا محمود حسين [illegible]

٥/١/ ١٩٩١

رأي ادارة المدرسة:

نؤيد بأن موقع المدرسة الحالي لا يناسب التجمع السكاني الحالي المتمركز قرب سيطرة المعسكر حيث يشكل الوصول اليه عبئاً كبيراً على الاطفال والهيئة التعليمية للمدرسة وأرجو [illegible] مع التقدير

مدير المدرسة

احمد كمال [illegible]

مدرسة المجاهدين [illegible] المختلطة
العدد:
التاريخ:

لا نوافق على نقله

٥/١/ ٩١

ادارة
مدرسة المجاهدين
الأبتدائيه المختلطه
معسكر اللاجئين الإرتريين

بسم الله الرحمن الرحيم
جمهورية السودان

العدد ١٧١/١
التاريخ ٢١/١٢/١٩٩٧

مدرسة المجاهدين الابتدائية المختلطة
العدد : ..................
التاريخ / / ١٩

الأخ / مفتش التعليم
م / عدد تلاميذ المدرسة

أدناه أعداد تلاميذ مدرسة المجاهدين الابتدائية للعلم مع الشكر

مدرسة المجاهدين الابتدائية المختلطة
العدد :
التاريخ
مدير المدرسة
محمد كمال احمد

| م | الصف | عدد التلاميذ | | | الملاحظات |
|---|---|---|---|---|---|
| | | بنين | بنات | المجموع | |
| ١ | الاول | ١١٧ | ٧٠ | ١٨٧ | |
| ٢ | الثاني | ٦٤ | ٧٤ | ١٣٨ | |
| ٣ | الثالث | ٨٩ | ١٠٢ | ١٩١ | |
| ٤ | الرابع | ١٢٣ | ٦٠ | ١٨٣ | |
| ٥ | الخامس | ٤٧ | ٢٠ | ٦٧ | |
| | المجموع | ٤٤٠ | ٣٢٦ | ٧٦٦ | سبعمائة وستة وستون تلميذ وتلميذه |

ادارة
مدرسة المجاهدين
المختلطة

العدد / بلا
التاريخ ١٦/١٠/٩٦

الى / من يهمه الامر

م / استلام كتب مدرسية

مدرسة المجاهدين الابتدائية المختلطة
العدد /
التاريخ / / ١٩

تم استلام الكتب المدرسية للسنة الدراسية المدرجة ادناه

| | | | |
|---|---|---|---|
| العربية | الرابع ٣٢ | الخامس (٥٠) | السادس ١١٠ |
| التاريخ | الخامس ٥٠ | السادس ١١٠ | |
| الوطنية | السادس ١١٠ | | |
| الزراعة | الرابع ٩٠ | الخامس ٢٥ | |
| الرياضيات | الرابع ٩٥ | | |
| رياضيات | الثاني ٢٦٠ | ~~٢٦~~ جالك ~~١٩٩~~ ٢١١ | |

مدرسة المجاهدين الابتدائية المختلطة
العدد /
التاريخ / / ١٩

احمد ... ...
مدير مدرسة المجاهدين
الابتدائية المختلطة

---

ادارة
مدرسة المجاهدين
الابتدائية المختلطة

بسم الله الرحمن الرحيم
جمهورية العراق

العدد بلا
التاريخ ٢٦/١١/٩٧

الى / من يهمه الأمر
استلمت الرسالة التعليمية لمدرستنا كتاب (المطالعة الطلابية)
عدد (١٨) ثمانية عشر هدية من السيد فلاح رشاد قادر
للعلم مع التقدير.

مدرسة المجاهدين الابتدائية المختلطة
العدد
التاريخ / / ١٩

مدير المدرسة
احمد ... احمد

ادارة
مدرسة المجاهدين
المختلطة

بسم الله الرحمن الرحيم
جمهورية العراق

العدد / ١٢٧
التاريخ / ٢٨/٣/٩٩٤

مدرسة المجاهدين الابتدائية المختلطة
العدد /
التاريخ ٢٨/ ٣ /١٩٩٤

الى / من يهمه الأمر
م / استلام (كرة قدم)

استلمنا من مسؤولي المدارس الأهلية في معسكر الرحيك عنهم السيد (فلامرز نادر) كرة قدم عدد (١٠) عشرة هدية ووضعت تحت تصرف تلاميذ المدرسة للاستفادة منها في درس الرياضة والدروس اللاصفية . والمسابقات الصفية السنوية . وبناءً على طلب السيد (فلامرز نادر) زودناه بكتاب الاستلام . للعلم مع التقدير

مدرسة المجاهدين الابتدائية المختلطة
العدد /
التاريخ

مدير المدرسة
أحمد [illegible]

UNITED NATIONS
HIGH COMMISSIONER
FOR REFUGEES

*Office of the Chargé de Mission*

Cable Address:
Telex:
Fax:
Tel.:

المفوضية السامية
لشؤون اللاجئين
التابعة للامم المتحدة

P.O. Box 10141 Karrada
Baghdad, Iraq

11/8/92

Certificate

This is to certify that UNHCR Baghdad received the amount of 3600 ID's which represent the remaining funds of the un-official schools in the Camp.
UNHCR will decide about the use of this amount.

R. A...

UNITED NATIONS * HIGH COMMISSIONER FOR REFUGEES *

Denne er kvittering på penger jeg leverte til UNHCR før jeg kom til Norge og leverte ansvaret fra meg. Da hadde jeg ansvaret for lærerkomitéen og for undervisningen som skoledirektør i Al Tash flyktningleir på lokale- /selvdrevne skoler med ca. <u>5000</u> elever fra 1.-6. klasse.

[signature]

دووبارەنووسینەوەو وەرگێرانی پسوولە (ڕەسید)ی ڕادەستکردنی پارە لە لایەن شۆرای مامۆستایانی ئۆردووگای ڕومادی بە کۆمیسارییای بەرزی پەنابەرانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە بەغدا .

Certificate 11.08.92

This is to certify that UNCHR Baghdad received the amount of 3600 ID's which represents the remaining funds of the UN-official schools in the camp. UNCHR will decide about the use of this amount.

R. Novick

---

۱۹۹۲|۰۸|۱۱ گواهی | تایید

بدین وسیله تایید میشود که کمیساریای عالی پناهندگان سازمان ملل متحد در بغداد مقدار ۳٦۰۰ دینار عراقی را، که وجوه باقی مانده از مدارس رسمی سازمان ملل متحد در اردوگاه میباشد، دریافت کرد. کمیساریای عالی پناهندگان سازمان ملل متحد در مورد استفاده از این مبلغ تصمیم میگیرید.

ر. نوویک

---

Sertifikat 11.08.92

Dette er for å sertifisere/bekrefte at UNCHR Baghdad mottok dette beløpet på 3600 IDer som representerer de resterende midler av FN-offisielle skoler i leiren. UNCHR vil avgjøre bruken av dette beløpet.

R. Novick

---

لەسەر ئینتەرنێت بەدوای ناوی خاتمی ر. نوویک ، نوێنەری ۲۲ ساڵ پێشی کۆمیسارییای بەرزی پەنابەران لە بەغدادا گەڕام و بینیمەوە. لینکی زانیاری لەسەر ئەو خاتمە لە خوارەوە دادەنێم:

R. Novick: http://www.dcimmigrationattorney.com/our-attorneys/amy-r-novick/



Amy Novick focuses her practice on obtaining visas for highly skilled ...

- ئەرکێکی تری شەورای مامۆستایان هاوکاریکردنی بەشی پەنابەرانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بوو، بۆ دانانی خولی تەندروستی بۆ بەشێک لە خەڵکی ئۆردووگا

و بەشێک لەو مامۆستایانەی ئامادە بوون لەم بوارەدا یارمەتیی باشتربوونی دۆخی تەندروستیی دانیشتوانی ئۆردووگا بدەن. لە کۆتایی ئەو خولە تەندرووستیانەدا بەشداران لە تاقیکارییەکدا بەشدارییان دەکرد و بڕوانامەیان پێ دەدرا. سەیری هاوپێچەی ژمارە ١٥ و ١٦ بکە!

**UNITED NATIONS**
HIGH COMMISSIONER
FOR REFUGEES

*Office of the Chargé de Mission*

Cable Address:
Telex:
Fax:
Tel.:

المفوضية السامية
لشؤون اللاجئين
التابعة للامم المتحدة

P.O. Box 10141 Karrada
Baghdad, Iraq

# CERTIFICATE

This is to certify that : Faramarz Almassi

has participated in a training programme in community health organized by UNHCR, from October 10 to November 24 1991.

The programme included the following courses:

Role of Community Health Worker
Personal hygiene
Oral hygiene
Environmental hygiene
Communicable diseases
Immunization
Common illnesses
Basic drugs
First aid
Mother and child health care
Family planning

The programme included 15 lessons of 2 hours each, followed by an examination.

Marks: 95


In addition to the programme, he/she has participated in 10 lessons on nutrition and organization of nutritional surveys.



Dr. Hamid Alani
GP, Examiner
Al Tash, Ramadi

Aake Packness
Med/Soc consultant
UNHCR, Baghdad
February 1992

هەڵبەت جیا لەم هەوڵە، ئەوان خولی فێرکردنی یارمەتییە سەرەتاییەکانی تەندروستییان بۆ ژمارەیەک لە مامۆستایان و کەسانی تریش کردەوە کە ئەوان بۆ خۆیان کومیتەیەکیان بە ناوی کومیتەی پزیشکی (تەندروستی) پێکهێنا و خزمەتی بەرچاویان بە دانیشتوانی ئۆردووگا کرد.



١٦- وێنەی بەشدارانی خولی یارمەتییە سەرەتاییەکانی تەندرووستی، لە ئۆردووگای ڕومادی

**٥- ساڵی ١٩٩٢ ئێوە وەک پەنابەر دێنە وڵاتی نورویژ و دوای ٣ ساڵ خولی پێویست بۆ فێربوونی زمان و خۆ ئامادەکردن، تۆ دەست دەکەی بە کاری مامۆستایەتی لە قوتابخانەکانی ئوسڵۆ. دواتر هاوکات لەگەڵ کارکردن هەر لە ئوسڵۆ زانکۆی مامۆستایان تەواو دەکەی و تا ئێستەش لە کارەکەتدا وەک مامۆستا بەردەوامی. بێگومان هەم بە کارکردن و هەم بە خوێندنی زانکۆ، تەجرەبەی باشت لەم بوارەدا کۆ کردووەتەوە. چ جیاوازییەک لە نێوان سیستەمی پەروەردە و فێرکردنی وڵاتی ئێران لەگەڵ وڵاتی نورویژ دەبینی؟**
لەبەر ئەوەی بەشێکی زۆری بێنەرانی ئەم پرۆگرامە لە کوردستان و لە ئێران دەژین یان ژیاون و تا ڕادەیەک سیستەمی پەروەردە و فێرکردنی ئەوێ دەناسن، من وای بەباش دەزانم زیاتر باسی تایبەتمەندییەکانی سیستەمی پەروەردە و فێرکردنی وڵاتی نورویژ بکەم. بینەران خۆیان دەتوانن ئەم دوو سیستەمە پێکەوە بەراورد بکەن و جیاوازییەکانیان دەستنیشان بکەن.
- سیستەمی پەروەردە و فێرکردنی وڵاتانی ئورووپایی زۆر لێک دەچن. ئەم سیستەمە ڕێزێکی زۆری بۆ بیروڕای قوتابی و دایکوباوکان هەیە و، تا ڕادەیەکی بەرچاو دەرفەت بە دەخاڵەت کردنی ئەوان لە سێستەمی پەروەردە و فێرکردندا دەدا. لەم سیستەمەدا مرۆڤ وەک تاکی کۆمەڵگە جێگەیەکی بەرزی هەیە و خاوەنی زۆر هیز و تواناییە و دەتوانێ پێشکەوتنی زۆر گەورە بە دەست بێنێ، وەک تا ئێستە بە دەستی هێناوە. ئەوەی کە قوتابی و دایکوباوکی هەڵگری چ بیروباوەڕێکی

ئایینی هەن یان نە، جێگەی ڕێزە و هیچ بیروباوەڕێک بەسەر کەسدا ناسەپێنرێ. کەس لە بەر بیروباوەڕ و کولتووری جیاواز ناکەوێتە بەر لێپرسینەوە و گرتن و بێڕێزی. ئەمە جیاوازییەکی زۆر زەق و گرنگە بەتایبەت بە نیسبەت قوتابیانی کوردەوە کە لە ئێراندا نەک بچووکترین ڕێزیان لەم بارەوە لێ ناگیرێ، بەڵکوو بە ئاشکراو و شاراوە گەورەترین بێڕیزی و سووکایەتییان پێ دەکرێ.

- لێرە سیستەمی پەروەردە و فێرکردن هەوڵ دەدا ڕێز لە قوتابی بگرێ بۆ ئەوەی بتوانێ بەو ڕێزگرتنە سەرنج و مەیلی قوتابی بۆ فێربوون ڕاکێشێ و دڵگەرمی بکا بە خوێندن و سیستەمی پەروەردە و فێرکردن و، بەگشتی بە ژیان لە ناو کۆمەڵگەدا. بەڵام لە ئێراندا قوتابی کورد سەرەڕای سووکایەتی و بێڕێزی پێ کران، ناچارە بچێتە قوتابخانە و بۆ وەدەستهێنانی کار و بژێوی بابەتە داسەپاوەکان بە زۆر بتەپێنێتە ناو مێشک و زینی خۆیەوە.

- لێرە قوتابیان داوایان لێ دەکرێ کە ئاڵای وڵاتی خۆیان لە پۆلەکانیاندا هەڵواسن و ئاڵای هەموو وڵاتێک وەک یەک ڕێزی لێ دەگیرێت. هەروەها قوتابیان جلوبەرگ و خواردنی تایبەتی خۆیان لە بۆنەکانی قوتابخانەکەیاندا بە قوتابییانی تر و دایکوباوکەکانیان بناسێنن و شانازییان پێوە بکەن.

- ڕێزی بەرانبەر لە جلوبەرگ و زمان و کولتووری هەموو نەتەوەیەک دەگیرێ، بۆ ئەوەی هەموو قوتابییەک هەست بەوە بکا کە پشتگوێ نەخراوە و ڕێزی لێ گیراوە. قوتابییان بە شێوەیەک باردەهێنرێن کە جیاوازی لە نێوان ڕەنگی پێست و موو و زمان و کولتووری یەکتردا ناکەن و هیچ قوتابییەک خۆی لەسەرووی قوتابییەکی ترەوە نابینێ.

- لێرە سیستەمی پەروەردە و فێرکردن هەوڵ دەدا هەستی یارمەتیدان، یەکیەتیی و مرۆڤدۆستی، ڕێزی بەرانبەر و دژایەتی لەگەڵ هەڵاواردن و لە هەموو گرنگتر ڕێز لە بنەماکانی دیموکراسی لە قوتابییاندا بە هێز بکا بۆ ئەوەی تاکەکانی کۆمەڵگەکەیان ببنە خاوەن ئەم تایبەتمەندییە باشانە. لەبەر ئەوەی ڕێزگرتن لە دیموکراسی لێرەدا بەشێکە لە پەروەردەی منداڵ و ئەوان هەر لە منداڵییەوە لەگەڵ بنەماکانی دیموکراسی ڕادەهێنرێن، دابینکردنی کۆمەڵگەی دیموکراتیک زۆر ئاسانتر دەبێتەوە. کەوایە لە لای تاکی ئێرە ڕێزگرتن لە دیموکراسی کارێکی ئاسایی و ئاسانە، بەڵام لای ئێمە کە دەمانەوێ لە تەمەنی گەورەساڵیدا دیموکراسی کۆپی بکەین، کۆپییەکە ناتەواو و سەقەت دەردەچێ و تووشی گرفت دەبین. نەگونجان لەگەڵ دیموکراسی لە کۆمەڵگەی کوردیدا و هەروەها یەکتر قەبوول نەکردن، زۆر گرفتی لە ناو ڕێکخراوە سیاسی و تەنانەت مەدەنییەکانی کۆمەڵگەی کوردی لێکەوتووەتەوە کە کۆمەڵگەی کوردی بە دەستیەوە دەناڵێنێ و گرووپ و لایەنەکان بەردەوام گلەیی لە یەکتر دەکەن.

- ڕێزگرتن لە زمانی دایکی و سەلماندنی ئەوەی کە بەهێزبوونی زمانی دایکی کاریگەریی زۆر ئەرێنی لەسەر فێربوونی زمانی دووەم و سێهەم هەیە. خوێندن و نووسین بە زمانی دایکی و فێربوون بە زمانی دایکی بنەمایە بۆ فێربوونی زمانی دووەم واتە زمانی فەرمیی وڵاتی نورویژ و، لەلایەن پسپۆڕانی ئەم بوارەوە پشتیوانیی لێ دەکرێ و پارەیەکی زۆری بۆ خەرج دەکرێ. سەرەڕای گرنگی پێدان و ڕێزلێگرتن، وتنەوەی وانە بە زمانی دایکی لە وڵاتی نورویژ بە چەند قۆناخدا تێپەڕیوە، بەڵام بەداخەوە ئیستا لەبەر گیروگرفتی جۆراوجۆر لە هەموو شار و ناوچەکاندا وەک یەک نییە و بە شێوەی دڵخوازی پسپۆڕان ناچێتە پێشەوە.

لە بەرانبەر ئەو هەموو لایەنە باشانەی بۆ قوتابییەکی کورد لە نورویژدا هەیە، قوتابییەکی کورد لە ئێراندا لە یەکەم ڕۆژی قوتابخانەوە زمانی دایکی لێ قەدەغە دەکرێ و داب و نەریت و تایبەتمەندییەکانی وەک کوردێک بە شێوەی جۆراوجۆر دەکەونە بەر هێرش و بێڕێزی پێکردن.

ئەم بێڕێزییە تا ڕادەیەکە کە قوتابی کورد لە ڕووی ناچارییەوە بە خۆی بسەلمێنێ کە زمان و کولتوور و تایبەتمەندییەکانی نەک جێگەی شانازی نین، بەڵکوو نێشانەی دواکەوتوویین و دەبێ بشاردرێنەوە. ئەو منداڵانە هەر لە یەکەم ڕۆژی قوتابخانەوە فێری خۆسانسۆرکردن و درۆکردن و وەڵامدانەوە بە دڵی بەرپرسان دەبن کە ئەمە ئاکامەکەی لە کۆمەڵگەی ئێراندا زۆر زەق و بەرچاوە. پەرەگرتنی درۆ و دووڕوویی و ئاخاوتن بە مەیلی کەس و لایەنی بەرانبەر و خۆسانسۆرکردن، تەنانەت لە هەموو ئێراندا دیاردەیەکی بەرچاو و گشتگرە و فاکتەر و هۆکاری زۆر زیاتر لەمەیان هەیە. لەم بارەوە بەڕێز "حسن نراقی" کتێبێکی بە ناوبانگی هەیە بە ناوی "جامعە شناسی خودمانی ـ چرا درماندەایم"، کە ساڵی ١٣٨٠ تا ١٣٨٧ی کۆچی ـ هەتاوی لە ئێراندا ٢٠ جار لە چاپ دراوەتەوە. خەڵک عەلاقەی زۆریان بەو کتێبە نیشان داوە چونکە گرفتەکانی کۆمەڵگەی ئێرانی بەباشی دەستنیشان کردووە. بەڵام گرفتێکی تر ئەوەیە کە هەموو کەس پێی وایە ئەو بۆخۆی دەکەوێتە دەرەوەی ئەو ڕەخنانەوە و ئەوە کەسانی ترن کە گرفت بۆ کۆمەڵگە دەخوڵقێنن. پەندێکی نورویژی لەم بارەوە دەڵێ: ئەگەر بەدوای هەڵە و ناتەواویدا دەگەڕێی سەیری دووربین مەکە، برۆ بەرانبەر ئاوێنە و لەوێدا بەدوایدا بگەڕێ.

”Ser du etter mangel og feil, ikke se i kikkert men i speil”

ـ زمان هەم ئامرازی دەربڕینە و هەم ئامرازی بیرکردنەوەیە. ئەو منداڵەی زمانی دایکیی لێ قەدەغە دەکرێ، نەک لە باری دەربڕینەوە تووشی گرفت و گرێی دەروونی دەبێ، بەڵکوو لە شێوەی بیرکردنەوە و پلاندانانیش بۆ هەموو کارەکانی و شێوەی جێبەجێ کردنیان تووشی گرفت دەبێ. چونکە قوتابی دەبێ وەڵامی هەر پرسیارێک یان هەر بیر و پلانێک لە مێشکی خۆیدا بە وشەکانی زمانی دایکی داڕێژێ و بیانخاتە سەریەک و دوای ئەوە دەریان بڕێ. لە دەربڕینیشدا دەبێت وەریان بگێڕێتەوە سەر زمانی ڕێگە پێدراو، کە ئەم پرۆسە درێژە داسەپێنراوەش بەشێکی زۆر لە کات و توانابییەکانی قوتابی کەم دەکاتەوە. کەم کردنەوەی توانابییەکانیش بەم شێوەیە هەستی خۆ بە کەم زانین و بڕوا بە خۆ نەبوون لای قوتابی درووست دەکات. لە هەموو گرنگتر زمانی هاوبەشی ئەو منداڵانە لەگەڵ دایکوباوکیان گەشە ناکا و زمان وەک ئامرازی دەربڕین ئەوەندە کز دەبێ کە ئەوان بۆ دەربڕینی هەستەکانیان و هەروەها تێگەیشتن لە دایکوباوکیان دادەمێنن و تووشی گرفتی دەروونی دەبن. ئەمە لەلای پسپۆڕانی بواری زمان و دەروونناسیدا بە کارەسات ناو دەبرێ و گەورەترین گرفت بۆ منداڵ و بنەماڵە و دواییی بۆ کۆمەڵگەش دەخوڵقێنێ. بەڵام ئایا دەسەڵاتدارانی ئێران گرفتی تاک و کۆمەڵگەی کورد بە هی خۆیان دەزانن تا خەمی بخۆن؟ جێبەجێ نەکردنی مادەی ١٥ی یاسای بنەڕەتی لە ماوەی ٣٦ ساڵدا کە مافی خوێندن بە زمانی دایکی بە کورد لە ئێران دەدادت وەڵامدەری ئەم پرسیارەیە.

ـ لێرە سیاسەتی سیستەمی پەروەردە و فێرکردن گرفتەکانی تاک بە هی کۆمەڵگە دەزانێ و گرفتەکانی کۆمەڵگە بە گرفتی هاوبەشی هەموو تاکەکان دەزانێ. هەربۆیە هەوڵ دەدا جیاوازی و هەڵاواردن لە نێوان کەمدەست و دەسترۆیشتوو کەم بێتەوە و هەژاری و کەمدەستی کەمڕەنگ بێتەوە. بەڵام لە وڵاتی ئێراندا زۆر جار بەرپرس و دەسەڵاتدار لە هەوڵی پڕکردنی گیرفانی خۆیدایە و خەمی خەڵک بە گرفتی خۆی نازانێ. بگرە شانازیش دەکا بەوەی چینی هەژار لە کۆمەڵگەکەیدا درووست بووە و ئەو جاروبارە وەک خاوەن بەزەیی یارمەتی هەژارێک دەدا و خۆی پێوە هەڵدەکێشێ. ئەمە وەک نەریتێکی ناشیرین لە کۆمەڵگەدا جێگیر بووە.

ـ لێرە سیستەمی پەروەردە و فێرکردن هەوڵ دەدا دەرفەتی وەک یەک بە قوتابییان بدا و ڕێزی وەک یەکیان بۆ دابنێ و تا ڕادەیەک دادپەروەری دابین بکا. لە ئێراندا بوونی جیاوازییەکان بە خواستی خوداوە دەبەسترێنەوە و سەرچاوەی ئایینییان وەک بەڵگە بۆ دەهێنرێتەوە و حاشا لەوە

دەکرێ کە مرۆڤەکان و سیستەمی بەڕێوەبەری وڵات بۆ بەرژەوەندیی تاقمێک ئەو نادادپەروەرییانەیان خوڵقاندبێت. هەڵبەت ئەمە تایبەتی ئێران نییە و زۆر وڵاتی تریش دەگرێتەوە.

- لێرە پەرەگرتن و پێشکەوتنی کۆمەڵگە و پەرەگرتنی سیستەمی پەروەردە و فێربوون، گرێدراوی یەکترن و پێکەوە بەستراونەتەوە. کۆمەڵگەیەک کە بیەوێ پێش بکەوێ دەبێ لە بنەڕەتەوە و لە نزمترین پلەی پەروەردەوە، واتە لە باخچەی ساوایانەوە دەست پێ بکا. من پێم وایە لەم بارەوە کۆمەڵگەی کوردستان و ئێران و کۆمەڵگەی نورویژ جیاوازیی زۆریان هەیە.

- لێرە سیستەمی پەروەردە و فێرکردن هەوڵ دەدا زانیارییە بنەڕەتی و پێویستەکان بدا بە قوتابییان بۆ ئەوەی ئامادەیان بکا و کەرەستەی پێویستیان بۆ خۆبەڕێوەبردن لە کۆمەڵگەدا پێ بدا. گرفتەکانی تاک وەک هی کۆمەڵگە سەیر دەکرێن چونکە ئەگەر تاکێک خۆی پێ بەخێو نەکرێت، ئەرکی بەخێوکردنی دەکەوێتە سەر کۆمەڵگە و لەوێوە دەکەوێتە سەر تاکەکانی تر.

- لێرە سیستەمی پەروەردە و فێرکردن ڕێزی وەک یەک بۆ پەیرەوانی هەموو ئایینەکان لە کۆمەڵگە دادەنێ و هیچ ئایینێک بەسەر ئەوانی تردا زاڵ ناکا. تەنانەت ئەو مامۆستایەش کە وانەی ئایینی دەڵێتەوە دەبێ بێلایەن بێ و ڕای شەخسیی خۆی تێکەڵ بە وانەکان و بۆچوونی پسپۆڕان نەکا. منداڵ ناکەوێتە ژێر فشار بۆ ئەوەی ئایینێک وەرگرێ یان وازی لێ بێنێ.

- لێرە سیستەمی پەروەردە و فێرکردن ڕێزێکی زۆر دەگرێ لە مافی مرۆڤ و پرینسیپە بنەڕەتییەکانی دیموکراسی و هەوڵ دەدا قوتابییان هەر لە منداڵییەوە بەم تایبەتمەندییانە گۆش بکرێن و خوویان پێوە بگرن. هەربۆیە کە گەورە دەبن ڕاهێنانی پێویستیان کردووە و ڕێزی بەرانبەر بووە بە بەشێک لە خوو و نەریتیان، ئەم بەشە لە ئێراندا ئەگەریش هەبێ تێکەڵ بە تەقییە واتە درۆی سپی و درۆ بۆ بەرژەوەندی دەکرێ.

- لێرەدا کاتێک کەسێک خوێندنی زانکۆ تەواو دەکا و دەبێ بە کارمەندی ئیدارەیەک، بە بێ لووتبەرزی لە نزمترتن پلەی بوارەکەی خۆیدا دەست بە کار دەبێ و بە هیچ شێوەیەک خۆی بەسەر دەوروبەرەکەیدا هەڵناکێشێ. لە ئێراندا سیستەمەکە جۆرێکە کە کاتێک کەسێک زانکۆ تەواو دەکا، لە بیری خۆیدا خۆی بۆ ئەوە ئامادە دەکا کە هەر کات بوو بە کارمەند تا بۆی دەکرێ لەسەر کورسییەک دانیشێ و ئەمر بە دەوروبەری بکا. لەبەر ئەوەی ئەمری بەسەردا کراوە و شکاندوویانەتەوە، پێچەوانەی مەیلی خۆیشی بێت، هەستی تۆڵەسەندنەوەی لە دەروونیدا درووست بووە. لەبەر ئەوەی هەر لە منداڵەییەوە ئەمریان پێکردووە، ئەویش هەم لاسایی سیستەم دەکاتەوە و هەم تۆڵە دەکاتەوە و ئەمر بە دەوروبەرەکەی دەکا. ئەوەش خەتای ئەو نییە و سیستەمەکە وای بار هێناوە و زۆربەی تاکی کۆمەڵگەکە وایە و لەوانەیە ئەگەر ئەویش وەها نەبێ کاری ئەستم بۆ بێچێتە پێش. لەمەشدا تاک زۆر خەتابار نییە و پەروەردەی دەستی سیستەمە. ئەو کەسەش لەم دۆخە نالەبارە تێبگا و لە دەسەڵاتدارانی سیستەمەکە تێگەیشتووتر بێ و بیەوێ ئەمە ڕەچاو نەکا یان بیگۆڕێ، دەبێ پێچەوانەی خوڕ و شەپۆلی ڕووبار مەلەم بکا. دیارە جووڵانەوە پێچەوانەی خواستی ئەوانیش ئاکامی نالەباری لێ دەکەوێتەوە کە هەموو مرۆڤێکی تێگەیشتوو ئامادە نییە خۆی بخاتە ئەو دۆخە. لێکۆڵینەوە لەم پرسە، کاری لێزانی ئەم بوارەیە و ئەگەر من لێرە شتێکی بەکورتی لەسەر بنووسم زۆر ناتەواو و کاڵ دەبێ.

- دیارە پەروەردەبوون لە دوو کولتووری جیاوازدا، گیروگرفتی بەرچاویشی هەیە کە لەبەر کەمی دەرفەت لێرەدا تەنیا ئاماژە بە دوو سێ نموونە دەکەم. لە ئاکامی پەروەردەبوون لە دوو کولتووری جیاوازدا، زۆربەی منداڵانی کورد دوو جۆر کەسایەتی لە خۆیان نیشان دەدن، لە ماڵەوە بەو شێوەیەی دایکوباوک و لە دەرەوەش بەو شێوەیەی دامودەزگاکانی کۆمەڵگەکە باری هێناون

هەڵسوکەوت دەکەن. ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە زۆر دایکوباوکی کورد کولتووری ئەم وڵاتانە ناناسن و چاوەڕوانیی هەڵە یان زیادییان لە منداڵەکانیان هەیە. کاتێکیش منداڵ نەیتوانی ڕێگەچارە ببینێتەوە و خۆی لەژێر فشار و پاڵەپەستۆدا دیت، تووشی درۆکردن و دوو شێوە هەڵسوکەوتی جیاواز دەبێ.

ئەگەر شتێک لە قوتابییەکی نورویژی بپرسی ئەو ڕاست ڕای خۆیت پێ دەڵێ، جا تۆ پێت خۆش بێ یان ناخۆش بێ ئەو بە گرفتی نازانێ، چونکە وەها بارهێنراوە. کەچی قوتابییەکی کورد هەوڵ دەدا وەڵامێک بداتەوە کە تۆ پێت خۆش بێت. ئەمەش بەرهەمی کولتوورەکەمانە کە بەداخەوە ئێستەش لە بنەماڵەدا ڕەچاو دەکرێ و منداڵی ئێمەش لە ئێمەوە فێری دەبێ. بە پێچەوانەی ئێران، لە وڵاتی نورویژدا بۆ فیرکردن و بارهێنانی قوتابی دایکوباوک ئەرکی زۆریان لەسەرشانە و دەبێ بەردەوام لە بوارە جیاجیاکاندا یارمەتیدەری منداڵەکانیان بن. لەبەر ئەوەی دایکوباوکانی کورد ناتوانن بە خێرایی سیستەمی کاروبار و کۆمەڵگەی نورویژ فیر ببن، لە یارمەتیدانی منداڵەکانیان زۆر کەم دێنن. ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی کە ژمارەیەکی بەرچاو لە منداڵانی کورد توانایی پێویستیان بۆ درێژەدانی خوێندن نەبێ و لە ئاکامدا بە کار و پیشە پلە نزمەکانی کۆمەڵگە ڕازی ببن. ئاکامێکی تری زۆر ناخۆشی سەرنەکەوتن لە قوتابخانە ئەوە بووە کە برێک لە گەنجانی کورد، ئەگەرچی ژمارەشیان زۆر کەم بێ، وەک ناڕازی لە کۆمەڵگەی ئورووپایی دوای پڕوپاگەندەی دەستە و گرووپە ئیسلامییە توندئاژۆکان کەوتوون و لە ئەفغانستان و سووریە و عێراق سەریان دەرهێناوە. سرووشتییە کە گەنجان بەپێی تەمەنەکەیان ئاوات و ئارەزوویان زۆرە و بەشێکیان ئەگەر بۆیان دەست نەدا و نەگەنە ئارەزووەکانیان، ڕێگەی زۆر نەگونجاو و سەختی وەها دەگرنە بەر کە ئاکامەکەی دەتوانێ تیاچوونی خۆیان بێت.

**وەک دەزانین لە زۆربەی کۆمەڵگەکانی دونیادا سەرەتا سیستەمی خوێندن لە خزمەت ئاییندا بووە و قوتابخانەکان (مەکتەبەکان) زیاتر وانەی ئایینیان وتووەتەوە و خوێندەواریان بۆ خزمەت بە ئایین بار هێناوە.**

نموونەی ئەم ڕەوتە لانیکەم لەو ناوچانەدا کە ئایینەکانی جوو، مەسیحی و ئیسلام بڵاو بوونەتەوە یەکجار زۆرە. لەوانەیە هۆکارێکی ئەم ڕەوتەش ئەوە بووبێت کە ئایینەکان پێویستیان بووە کە لە خوێندەواری کەڵک وەرگرن بۆ بڵاوکردنەوەی پەیامی خۆیان و پەرەدان بە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتیان. هەروەها لە لایەکی ترەوە لە مێژووی زۆر لەو ناوچانەدا ئەوەش سەلمێندراوە کە قوتابخانە و خوێندەواری خراونەتە خزمەت ئایین و ئایینیش خراوەتە خزمەتی دەسەڵات و بەم شێویە ئەم سێ لایەنە لێک گرێ دراون. هەڵبەت گرێ دران و پەیوەندی ئەو سێ لایەنە لەگەڵ یەکتر بەمانای ئەوە نییە کە ئەوان لە خزمەت خەڵکدا بووبن و خەڵک لێیان ڕازی بووبێت.

لە بەرانبەر ئەم ڕەوتەدا بە درێژایی مێژوودا زۆر کەس و لایەنی دڵسۆزی کۆمەڵگە لە ڕادەی ناوچەیی و جیهانیدا هەوڵی ئەوەیان داوە کە ڕەوتی قوتابخانە و خوێندەواری بە ئاراستەیەکدا بگۆڕن کە کەمتر لە خزمەتی ئایین و دەسەڵات و، زیاتر لە خزمەتی خەڵکدا بێت. ئەمەش سەرەتا بەوە دەستی پێ کردووە کە بەشی وانەی ئایینی کەم بکرێتەوە و بەشی پیشەیی و ئەو وانانەی بۆ باشترکردنی ژیان پێویستن زیاد بکرێت، واتە ناوەڕۆکی خوێندن بگۆڕدرێت و قوتابخانەی مودێرن بهێنرێتە ئاراوە. هەڵبەت هۆکارێکی سەرەکی تری ئەم گۆڕانکارییە شۆڕشی پیشەیی، واتە کەڵک وەرگرتن لە ئامراز و ماشێن وەک کەرەستەی بەرهەمهێنان لەباتی دەست بوو، کە دوای برێک تاقیکاری سەرەتایی لە ساڵانی ١٧٥٠ بەدواوە لە وڵاتی زلهێزی بریتانیا وردە وردە

دەستی پێ کرد. شۆڕشی پیشەیی بوو بە هۆی بەرهەمهێنانی ئەو ئامراز و کەرەستە و ماشێنانەی کە توانیان خێراییەکی گەورە بدەن بە بڕی بەرهەمهێنانی کەل و پەل و پێداویستییەکانی ژیان. کەرەستەی بەرهەمهێنانیش هێزی کاری وای دەویست کە لە قوتابخانەدا جیا لە فێربوونی خوێندن و نووسین، تا ڕادەیەک فێر کاری پیشەیش بووبێت. ئەمەش پێویستی بە گۆڕانکاری بنەڕەتی لە سیستەمی خوێندندا هەبوو، واتە دەبوو قوتابخانەی مودێرن بێنە کایەوە. شۆڕشی پیشەیی بە پێشکەوتنی تکنۆلۆژی و کەرەستەی بەرهەمهێنان و باشترکردنی ژیانی مرۆڤەکان ناسراوە، بەڵام ئەم ڕەوتە کە سەرەتا لە بریتانیا دەستی پێ کردبوو، دەیان و بگرە سەدان ساڵی خایاند تا بگاتە وڵاتانی تری ئەورووپی و لەوێوە بۆ وڵاتانی دەوروبەر بگوازرێتەوە.
کە وایە لە درێژایی مێژووی قوتابخانە و خوێندەواریدا، وانەی پیشەیی و قوتابخانەی مودێرن زۆر دواتر دەستی پێ کردووە و بووە بە بەشێک لە مێژووی قوتابخانە و سیستەمی خوێندن. لێرەدا ئەگەرچی زۆر بە کورتییش بێت، من ئاماژەکردن بە سەردەمی دەستپێکردنی قوتابخانە مودێرنەکان لە ئێران و بەراوردکردنی لەگەڵ ئورووپا بە پێویست دەزانم. قوتابخانەی مودێرن بەو مانایە کە جیا لە خوێندنی ئایینی خوێندنی ماتماتیک (بیرکاری) و زانستەکانی تێدا هەبێ و جیا لە ئامادەکردنی قوتابی بۆ کاری مەلایەتی و ڕاپەڕاندنی کاری ئایینی، قوتابی بۆ کار و پیشەی تر وەک کاری سەنعەتی (پیشەسازی) و فەننی پێ بگەیەنێ. ئەگەر زۆر بە کورتی سەردەمی دامەزراندنی قوتابخانەی مودێرن لە ئێران لەگەڵ ئورووپادا بەراورد بکەین دەبینین قوتابخانەی مودێرن لە ئێران زیاتر لە ١٥٠ ساڵ دوای ئورووپا دەستی پێ کردووە. قوتابخانەی مودێرن لە وڵاتێکی بچووکی وەک نورویژ کە ئەو کات لە ژێر دەسەڵاتی دانمارک دا بووە، لە سەرەتای دەرکەوتنی نیشانەکانی شۆڕشی پیشەسازی لە ئورووپا و لە ساڵی ١٧٣٩ بەو لاوە وردە وردە دەستی پێ کردووە. کە چی قوتابخانەی مودێرن لە ئێران لەسەر دەستی حەسەن ڕوشدییە دوای چەندین ساڵ بەربەرەکانێ لەگەڵ دەسەڵاتی پیاوانی ئایینی، سەرەتا لە تەورێز و دوایی لە تارانی پێتەخت لە ساڵی ١٨٩٥ی زایینییەوە وردە وردە و دەستی پێ کردووە. پیاوانی ئایینی کرانەوەی قوتابخانەی مودێرنیان بە دژایەتی لەگەڵ مەکتەبە ئایینەییەکان و لەگەڵ ئایین و هەروەها بە هۆکارێک بۆ دوورخستنەوە و پەراوێزخستنی خۆیان لە ئیدارەکردنی کۆمەڵگە دەزانی، بۆیە بە زۆر شێوە دژایەتییان لەگەڵ دەکرد.
لە قەسری شیرین کە شارێکی گرنگی سەرسنوور بوو و پاراستنی شارەکە و ناوچە سنوورییەکانی دەوروبەری لە لایەن قاجارەکانەوە بە شێرمحەممەدخانی سنجاوی "صمصام الممالک"، وەک حاکمی ئەو کاتی سنوورەکە سپێردار بوو، لە ساڵی ١٩١٤ قوتابخانەی مودێرن درووست کرا. بەڵام لە زۆربەی لادێکانی ئێران و بەتایبەت لە ناوچە سنوورییەکان لە ساڵی ١٩٦٣ی زایینی (١٣٤٢ی هەتاوی) و لە ئاکامی ڕاگەیاندنی شۆڕشی سپیی موحەممەدڕەزا شا قوتابخانەی مودێرن بونیات نرا. کوڕان و کچانێک کە خوێندنی پۆلی دوازدەیان تەواو کردبوو لە باتی خزمەتی سەربازی بەناوی "سپاهی دانش" لەم قوتابخانانەدا دادەمەزران بۆ ئەوەی وانە بە منداڵانی گوندنشین بڵێنەوە و فێری خوێندن و نووسینیان بکەن، بەشکەم دوایی درێژە بە خوێندن بدەن. بە هۆی "سپاهی دانش"ەوە قوتابخانەی مودێرن بە شێوەیەکی گشتگر لە زۆربەی گوندەکانی ئێراندا کرانەوە. شۆڕشی سپی یان شۆڕشی شا و خەڵک لە ١٣٤١/١٠/٢١ی هەتاوی بەرانبەر بە ١٩٦٣/١/١١ی زایینی بەهۆی محەممەدڕەزا شاوە لە کونگرەی میللی جووتیاران لە تاراندا ڕاگەیەندرا و ساڵی دواتر کەوتە بواری جێبەجێکردنەوە. شۆڕشی سپی ناوی زنجیرەیەک گۆڕانکاری ئابووری و کۆمەڵایەتیی بوو کە سەرەتا بریتی بوو لە ٦ بەند و دوایی کرا بە ١٩ بەند و "سپاهی دانش" بەندی شەشەم لەو نۆزدە بەندە بوو. بەر لە دەستپێکردنی "سپاهی دانش"

واتە تا ٥٠ ساڵ لەمەوبەر، لەسەریەک نزیکەی ٧٥ لە سەدی خەڵکی ئێران نەخوێندەوار بوون (٦٧,٢ لە سەدی پیاوان و ٨٧,٨ لە سەدی تەواوی ژنانی سەرەوەی پانزدە ساڵ). ڕوونە کە پلەی خوێندەواری ڕۆڵی گەورەی گێڕاوە لە باشترکردنی دۆخی ژیانی هەر کۆمەڵگەیەک و سەرەتا هەر کۆمەڵگەیەک ژمارەی خوێندەواری زیاتر بوو بێت توانیویەتی زووتر پلەکانی پێشکەوتنی ژیان ببڕێت. لەبەر ئەوەی قوتابخانەی مودیرن، ناوەندی فێرکردن و بارهێنانی قوتابی بۆ خۆبەڕێوەبردن لە کۆمەڵگەیەکی مودیرن و سەردەمدا بوو، دەکرێ بە پێی ساڵی کرانەوەی قوتابخانەی مودیرن، پلەی پێشکەوتوویی یان دواکەوتوویی خەڵک و بەشەکانی کۆمەڵگەی ئەو کاتە، لە لای خۆمان وێنە بکێشین و بەراوردیان بکەین. لەم بەراوردکردنەدا دەتوانین بڵێین کە خەڵکی ئێران بەگشتی و ئێمە خەڵکی ناوچە سنوورییەکان بەتایبەتی لە ڕیزەکانی هەرە دواوەی کاروانی پێشکەوتندا بووین. سەرچاوەیەکی تر ساڵی ١٢٨٦ی هەتاوی (١٩٠٧ی زایینی)، واتە ساڵی دەستپێکی خوێندەوارکردنی گەورەساڵان بە سەرەتای فێرکردنی خوێندن و نووسین لە ئێران هەژمار دەکات کە ئەمە ١٢ ساڵ دوای دەسپێکی قوتابخانەکانی حەسەن ڕوشدییە بووە.

هەڵبەت قوتابخانەی "دارالفنون" لە تاران، لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدە و پێش لەو ڕەوتەی سەرەوە، واتە مانگێک دوای گەیشتنی دوکتور یاکووب ئیدوارد پوولاک و شەش هاوکارە ئوتریشیەکەی کە لە ١٨٥١/١١/٢٤ی زایینی گەیشتەن تاران، کرایەوە و دەستی بە وانەوتنەوە کرد. ئەم گرووپە بوون بە سەرەتایەک بۆ بارهێنانی خوێندکارگەلێک کە دوایی بوون بە یارمەتیدەر بۆ دامەزراندنی قوتابخانەی سەرەتایی بە شێوەی مودیرن و بەڕیوەبردنی کاروباری ئیدارە دەوڵەتییەکان. شایانی باسە کە دوکتور پوولاک سەر بە بنەماڵەیەکی هەژاری یەهوودی بوو و خوێندنی لە زاکۆی ڤیەن و پراگ تەواو کردبوو. ئەو لەسەر داوای وەزیری ناسرەدین شا، واتە ئەمیر کەبیر بۆ کردنەوەی قوتابخانەی "دارالفنون" گەیشتە تاران و دوای ١٠ ساڵ گەڕایەوە ولاتی خۆی. دوکتور پوولاک ئەگەرچی پزیشکی پسپۆڕی ژنان بوو، بەڵام پزیشکی تایبەتیی ناسرەدین شا بوو.

ئەوەی کە لێرەدا جێگەی باسەکەی ئێمەیە خەڵکی هەموو ئەو ناوچانەیە کە ساڵی ١٩٨٠ بە کۆمەڵ کەوتنە بەر هێرشی ئەرتەشی عێراق و دوایی لە ئۆردووگای ڕومادی گیرسانەوە. هەموو ئەو خەڵکە لەو ناوچانەوە هاتبوون کە لە دوای ساڵی ١٩٦٣ قوتابخانەی مودیرنیان بۆ کرابووەوە. ئەو دەرفەتەیش بۆ هەمووان نەبوو و لەوێش کە قوتابخانە کرایەوە کچان و ژنان بێبەش بوون و کوڕانیش ئەوپەڕی تا پۆلی ٦ی سەرەتایی دەیانخوێند. چونکە دوای ئەوە، قوتابخانەی ناوەندی بۆ درێژەدان بە خوێندن لە پۆلی ٧ و بەرەوە سەرەوە لە گوندەکاندا نەبوو و هەروەها کوڕان دەبوایە بۆ پەیداکردنی بژێوی ژیان یارمەتیدەری باوکان بن.

ساڵی ١٣٥٩=١٩٨٠ لەگەڵ دەستپێکردنی شەڕی عێراق ـ ئێران، بەشێکی زۆر لە دانیشتوانی سەرسنوور لە ناوچەکانی نێوان سێ شارستانی قەسری شیرین، پاوە و شاە ئاباد کەوتنە ژێر دەستی عێراق و دوایی لە ئۆردووگای ڕومادی گیرسانەوە. ژمارەی دانیشتوانی ئۆردووگاکە زیاتر لە ٤٠٠٠٠ کەس دەبوون و لەم ژمارەیە تەنیا نزیکەی ٢٠ تا ٣٠ کەس خوێندنیان تا پلەی دیپلوم، واتە تا پۆلی ١٢ تەواو کردبوو. ژمارەی ئەو مامۆستایانەی لە ئێران دەورەی مامۆستایەتییان دیبوو لە پەنجەکانی دەست تێنەدەپەڕین. سەرەڕای ئەم کەلێنە گەورەیە و نەبوونی دەورەی پێویستی پێگەیاندنی مامۆستا، مامۆستایانی قوتابخانە ئەهلییەکان بەپێی توانا خزمەتی گەورەیان پێشکەش کرد و زۆر قوتابییان پێ گەیاند کە بەشێکیان ئێستە لە پلەی بەرزی خوێندندان و جێگەی شانازین. هەڵبەت ئەم سەرکەوتنەی قوتابییانی قوتابخانە ئەهلییەکان زۆر هۆکاری هەیە و تەنیا نەبەستراوەتەوە بە هەوڵ و دڵسۆزی مامۆستایان.

دیارە لەو دۆخەدا پیاو ماقووڵ و ڕیش سپییەکان کە پەیوەندیی نێوان خەڵکی ئۆردووگا و کاربەدەستانی حکوومەتی عێراق بوون، زۆربەیان یان نەخوێندەوار بوون یان خوێندنی پلەی سەرەتاییان هەبوو. بە پێی ئەم زانیارییانە دەکرێ بڵێین کۆمەڵگای ئێمە لەو ئۆردووگایە لە پلەیەکی زۆر نزمی خوێندەواری، فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیدا بوو و توانای بەرنگاربوونەوە و چارەسەری ئەو هەموو نەهامەتییانەی نەبوو کە بەرۆکی پێ گرتبوون. کۆمەڵگەکە پێویستیی بە یارمەتیدەر و ڕێنیشاندەر هەبوو کە بە داخەوە ئەو کات و بەتایبەت لە سەرەتاوە نەمانبوو. ڕووداوەکانی پەیوەندیدار بە ڕووخانی شا و دامەزراندنی کۆماری ئیسلامی و شەڕی عێراق ـ ئێران و ئاوارەبوونی خەڵکی ناوچە سنوورییەکانی جێگەی باسی ئێمە و دواییش گیرسانەوە لە ئۆردووگای ڕومادی، هەمووی لە ناکاو بەسەر خەڵکدا ڕووخان و زۆر بە خێرایی تێپەڕین. ئەم ڕووداوانە زۆربەی کەسایەتی و تەنانەت ڕێکخراوە سیاسییەکانیشی تووشی هەڵەی لێکدانەوە کرد، تا چی بگا بە ئێمە خەڵکی ئەم ئۆردووگایە کە سەرەڕای داماویمان لە بەرانبەر ڕووداوەکان و نەبوونی ڕێنوینی باش، زۆر کەس و تاقم و گرووپی بەرژەوەندیخوازیشمان لێ پەیدا بوون کە بەشێک لە خەڵکیان تووشی هەڵەی گەورە کرد. نووسین لەسەر کاری ئەم کەس و تاقم و گرووپانە بەشێکی زۆر گرنگە لە ژیانی خەڵکی ئۆردووگای ڕومادی پێک دەهێنێت کە من لەم بەشەدا ناڕۆمە سەری، بە چەن هۆکار: ١ـ تێگەیشتن و لێکدانەوەی جیاوازی خەڵک لەسەر ڕووداوەکانی ئەو کات و دژواری دەستنیشان کردنی هەڵەکان بەپێی پێوانە جیاوازەکانی خەڵک بەگشتی ٢ـ خەڵک نەیانتوانیوە و ناتوانن بێلایەنانە قەزاوەت بکەن و خۆیان لە کەسە خراپەکان دوور بخەنەوە، بەتایبەت ئەگەر پەیوەندیی خزمایەتیی نزیکیان بە کەسە خراپەکانەوە هەبێت. ٣ـ بابەتەکەی من لەسەر خوێندن و قوتابخانەکانەیە و نامەوێ ئەم بەشە زۆر درێژ بێتەوە.

دەزانین کە خوێندەواری و خوێندنەوە یەکێک لە فاکتەرە هەرە گرنگەکانە و مرۆڤ دەتوانێ لە ڕێگەی خوێندنەوەوە لە دەوروبەری خۆی تێبگا و زانیاری خۆی بگەیەنێتە پلەی زۆر بەرز. من پلەی خوێندەواریی خەڵک و خوێندنەوە بە فاکتەرێکی گرنگ دەزانم بۆ فێربوون و ناسین بەگشتی و دیاریکردنی ڕێڕەوی ژیان و خۆپاراستن لە هەڵە. پێم وایە ئەگەر پلەی خوێندەواریی خەڵکی ئێمە بەرزتر بوایە، دەکرا ئێمە خۆمان لە بەشێک لەو هەڵانە بپارێزین کە لە ژیانی ئاوارەیی و لە ئۆردووگاکەدا ڕوویان دا و لە باتیی ئەو هەڵە و تێکەوتنانە کاری باشتر بکەین. هەروەها پێویستە خاڵی لاوازی خۆمانیش لە بواری خوێندنەوە و خوێندندا لەبیر نەکەین و بزانین کە ئێمە زۆر لەگەڵ کتێب و خوێندنەوەدا دۆست و هاوەڵ نین. ئەگەر بەبێ دەمارگرژی پەیوەندی خۆمان وەک کورد لەگەڵ کتێب و خوێندنەوەدا بناسێنین، دەبێ بڵێین بەداخەوە ئێمەش وەک زۆر لە گەلانی ناوچەکە نێوانمان لەگەڵ خوێندنەوەدا زۆر خۆش نییە و وەها ڕاهاتووین کە شتەکان زیاتر لە ڕێگەی گوێ و بیستنەوە فێر بین. هیوادارم ئەم خاڵە لاوازەی خۆمان بناسین و بیناسێنین و کار بکەین بۆ گۆڕینی بەرەوە لایەنی ئەرێنی.

..............................................

**ڕەخنە لە وتووێژەکەی من و ڕوونکردنەوە و وەڵامی پێویست:**

دوو هاوڕێ ڕەخنەیان لە وتووێژەکەی من گرتووە و بە نووسراوە بۆیان ناردووم. زۆر سوپاسیان دەکەم لەوەی ئەوان بە ڕەخنەکانیان بوون بە هۆی دەوڵەمەندکردنی نووسینەکە. سەرەڕای وەڵامدانەوەی یەکێک لەو هاورێیانە بە نووسراوە، وام بە باشتر زانی کە بەبێ ناوهێنانی ئەوان

لێرەدا پوختەی ڕەخنەکانیان باس بکەم و بەپێی توانا وەڵامیان بدەمەوە. بەو هیوایەی توانیبێتم هەم تیشکی زیاتر بخەمە سەر ئەو بەشانەی لای ئەوان پرسیار و ڕەخنەیە و هەم خوێنەران بە خوێندنەوەی ڕەخنە و وەڵامەکان کەڵکی زیاتر لە نووسینەکە وەرگرن. لێرەدا گرنگ ئەوەیە کە من دوای باسکردنی پوختەی ڕەخنەکان یان ڕەخنەکان قەبووڵ بکەم، یان بەپێی توانا ڕوونکردنەوەیان لەسەر بدەم، بەبێ ناوهێنانی کەسێک و بەبێ ئەوەی بچمە ناو وردەکارییەکانەوە. لێرەدا مەبەست ڕوونکردنەوەی زیاتری باسکەیە نەک ئەوەی کام لە ئێمە زیاتر ڕاستییەکانی لەسەر ئەم بابەتە لە لایە و کێ لە هەڵەدایە.

ڕەخنەی سەرەکی ئەوەیە کە گوایە من لەو وتووێژەدا مێژووم چەواشە کردووە و بۆ خۆهەڵکێشان خۆم لە باسکردنی ڕۆڵی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە ئۆردووگای ڕومادی بە گشتی و، شووڕای مامۆستایان بەتایبەتی نەداوە. هەروەها من ڕۆڵی حیزبم لە یەکدەست (تەنزیم)کردنی قوتابخانەکاندا بە باشی نیشان نەداوە. ئەوەی کە من باسی هەوڵی خۆم و چەند مامۆستایەکم بۆ یەکدەست (تەنزیم)کردنی قوتابخانەکان بەر لە هاتنی هەیئەتی حیزب کردووە، ڕەخنەگری بەڕێز بە چەواشەکردنی مێژووی ناو دەبا، چونکە ئەو یان ئاگاداری ئەو هەوڵانە نەبووە یان لە بیری نەماون یان باسکردنیان بە ڕەوا و درووست نازانێت. بڕێک ڕەخنەی تریش هەبوون کە لەبەر ناتەواوبوونی زانیاری هاوڕێی ڕەخنەگر لەسەر دۆخی قوتابخانەکان یان کۆن بوونی ڕووداوەکان، لای ئەو درووست بووبوون و بە من شەخسی وەڵامم دایەوە و دووپاتکردنەوەیان بە پێویست نازانم. ئەگەرچی من پێموایە زۆربەی ڕەخنەکان لە جێی خۆیاندا نین، بەڵام زۆر نگرانیشم نێم کە دۆستێکی نزیک وەها ڕەخنەیەکم بەرەوڕوو دەکاتەوە، چونکە دەزانم لەوانەیە زۆر هۆکار هەبن بۆ ڕەخنەکان و لەوانە: ١. ئەم نووسینە باسی ژیانی تاڵی پێش چارکە سەدەیەکە و سروشتییە کە بەشێکی زۆری لە بیر خەڵک چووبێتەوە یان لای ئەوان ناڕوونییان لەسەر درووست بووبێت، ٢. بەهۆی سەرقاڵی ژیان و بەربڵاوی ئۆردووگاکەوە، ناکرێ مرۆڤ چاوەڕوان بێت کە هەموو خەڵک وەک یەک ئاگاداری ڕووداوەکانی ئەو کات بن یان وەک یەک لێیان تێگەیشتبن، ٣. پێموایە زۆر سرووشتییە کە دوو مرۆڤ، هەرچەن لێکەوە نزیکیش بن و هەردووکیان بە تەواوی وەک یەک ئاگاداری یەک ڕووداو بن، هەرکامەیان بە شێوازی خۆیان لە ڕووداوەکە تێبگەن و لێکدانەوی جیاوازی بۆ بکەن، ٤. زۆر سروشتی و چاوەڕوان کراوە کە دوای ئەو هەموو ساڵە ژیان لە هەندەران گۆڕان بە سەر تێگەیشتن، لێکدانەوە و بیروباوەڕی هەرکام لە ئێمەدا هاتبێت و بەشێک لە ئێمە

زیاتر بە چاوی ڕەخنەگرانەوە سەیری زۆر ڕووداوەکانی ڕابردوو بکەین یان هەرکام بە شێوازی خۆمان بیانگێڕینەوە. هیوادارم ئەگەر ڕەخنەگری بەڕێز بە وەڵامەکانی من ڕازی نەبوو، بە شوێنهەڵکردن و بەدواداگەڕان و لێکۆڵینەوەی زیاتر ڕووداوەکانی ئەو کاتی زیاتر بۆ ڕوون ببێتەوە و کەمێک بێلایەنانە سەیری ئەو کات بکات. بەڵام من باسکردنی چەند خاڵێک هەر بە پێویست دەزانم:

ـ یەکەم: وادەرکەوت کە ئەو هاوڕێیە لە هەوڵەکانی پێشووی من و چەن مامۆستایەکی تر بۆ یەکدەست (تەنزیم)کردنی قوتابخانەکانی ئۆردووگا ئاگادار نەبووە. لەبەر ئەوە پێی وابووە من ڕۆڵی خۆمم گەورە کردووەتەوە و ڕۆڵی حیزبم وەک خۆی باس نەکردووە. ئێمە چەن مامۆستایەک بەر لە هاتنی هەیئەتی نوێنەرایەتیی حیزب و بەڕێز کاک دوکتور خەلیقی بۆ ئوردووگا لە هاوینی ١٩٨٨، لە ناوچەکانی کلاشی، نەیلکی، قەڵخانچەک و بێویانی یەکدەست (تەنزیم)کردنی قوتابخانەکانمان تا ڕادەیەک و لە پلەیەکی بچووکتر و نزمتردا جێبەجێ کرد. بۆ ئەم کارە کۆبوونەوەی زۆرمان گرت و هەوڵی زۆرمان دا و تەنانەت نووسراوەیەکمان لە نێوان ئەو مامۆستایانەدا واژۆ (ئیمزا) کرد. ئەو مامۆستایانەی ئەو کات لەگەڵ ئەم پرۆژەیەدا بوون دەتوانن ڕاستی ئەم کارە بسەلمێنن.

هەر لەم بوارەدا ئێمە ئەو مامۆستایانە ساڵی ١٩٨٨ لەگەڵ نوێنەری خاچی سووریشدا هەوڵی زۆرمان دا کە بۆ یەکدەست (تەنزیم)کردنی قوتابخانەکانی ئۆردووگا پشتگیریمان بکا و ئەمە وەک مەرجێک بەسەر شەورای مامۆستایانی ئەو کاتدا بسەپێنێ. بەڵام ئەو سەرەڕای پێخۆشبوونی ئەم پرۆژەیە، ڕای گەیاند کە ناتوانێ مەرج بۆ شەورای مامۆستایان دابنێ و خۆی تێکەڵی شێوەی بەڕێوەبردنی قوتابخانەکان ناکات. ڕێگە چارەی پێشنیارکراوی ئەو ئەوە بوو کە ئێمە خۆمان بۆ ئەندامەتی شەورای مامۆستایان کاندید بکەین و لەو ڕێگەیەوە پرۆژەکەمان جێبەجێ بکەین و بیچەسپێنین. هەر ئەوەش بووە هۆی ئەوەی لە نێوان ئەو مامۆستایانەدا کە پێکەوە هاوبیر بووین، سەرەتا بە پێشنیار و پشتگیری ئەوان من خۆم بۆ ئەندامەتیی شەورای مامۆستایان بەربژێر (کاندید) بکەم. هەروەها هەم هەیئەتی نوێنەرایەتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و هەم کومیتەی حیزب بە هەموو توانای خۆیانەوە پشتیوانی ئەم کارە بوون و بۆ سەرخستنی ئەوپەڕی هەوڵی خۆیان وەگەڕ خست. دیارە پشتیوانی سەرەکی من و هەموو مامۆستایانی تر لەم کارەدا، هەیئەتی نوێنەرایەتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و کومیتەی حیزب بوون کە بە هەموو

توانای خۆیانەوە پشتیوانی ئەم کارە بوون و بۆ سەرخستنی ئەوپەڕی هەوڵی خۆیان وەگەڕ خست. هەڵبەت من ئەوکات ئەندامی کومیتەی حیزب بووم و بۆ کاندید بوونم بۆ شەورای مامۆستایان پشتیوانی کومیتەی حیزب و ئەندامانی حیزبیم لە پشت بوو. من جارێکی تر سوپاسی ئەوان دەکەم بۆ ئەوەی چ وەک لایەن و چ وەک تاک بڕوا و متمانەی خۆیان بە من و هاوکارانی تر لە شەورای مامۆستایان بەخشی و پشتگیرییان کردین.

هەروەها بە قەولی مامۆستا ڕەشید حەیدەری کە کاتی ئەم نووسینە بۆ منی گێڕایەوە، ئەو و مامۆستا عوسمان کەوکەبیشاد لە شەورای مامۆستایان چەن مانگێک بەر لە ئێمە هەوڵی یەکدەست (تەنزیم)کردنی قوتابخانەکانیان دابوو و سەرنەکەوتبوون. دوای ئەوەی من ئەم نووسینەم بۆ ١٥ کەس لە ئەندامانی شەورای مامۆستایانی ئەو ساڵانە نارد بۆ ئەوەی ڕای خۆیانی لەسەر بنووسن، کاک مەڵک محەممەد چراغی ـ یش ڕەخنەیەکی لە نووسینەکەی من گرتبوو کە ڕستەکەی خۆی لێرە دادەنێم:

"دەبوایە کومەلە وەک جەریانیکی رادیکاڵ لە قەڵەمەکەت نەکەوتایە، بۆیە بیرۆکەی تەنزیمی پولەکان لە لایەن کومەلەوە پیشنیار کرا و هەولی بۆ درا و هەتا لە هەوەڵەوە لایەنگرانی حزب مخالفەتیان کرد، هەتا کاتێک دوکتور خلیقی هات بو ئوردوگا". دیارە من کە یەکێک لە پشتیوانانی بیری یەکدەست (تەنزیم)کردنی قوتابخانەکان بووم و لەگەڵ چەن مامۆستای تردا کارمان بۆی کرد، نە ئاگاداری هەوڵی مامۆستا ڕەشید و کاک عوسمان بووم و نە ئاگاداری هەوڵی کۆمەڵەش بووم. ئاگادار نەبوونی منیش لەو هەوڵانە بەو مانایە نییە کە ئەو هەوڵانە لە ئارادا نەبوون و بەرپەرچیان بدەمەوە، بەو مانایەش نییە کە هەوڵی ئەوان و ئێمە بەر لە هاتنی کاک دوکتور خەلیقی لە نرخی کار و زەحمەتەکانی بەڕیزیان کەم بکاتەوە. ئێمە سەرەتا یان سەر نەکەوتین یان لە ئاستێکی کەمدا سەرکەوتین، بەڵام بە هەوڵی کاک دوکتور خەلیقی و هەیئەتی حیزب و دواییش پشتیوانی کومیتەی حیزب کە هێزێکی زۆر گەورەی ئەندام و لایەنگرانی لە پشت بوو، توانیمان ئەو ئەرکە قورس و پیرۆزە جێبەجێ بکەین.

بەر لە هاتنی نوێنەرایەتیی حیزب و بەڕێز کاک دوکتور خەلیقی ئەم هەوڵانە لە ئارادا بوون و من گوناحم نەکردووە کە لە پرۆگرامەکەدا باسی ئەو بەشەم کردووە کە ئاگاداری بووم و باسی ڕۆڵی خۆمم لەو هەوڵانەدا کردووە. لە وتووێژەکەدا باسی ڕۆڵی حیزبیشم کرد و سوپاسم کرد،

بەڵام ئەوەی لەویدا بەڕوونی و بەجیا باسم نەکردووە ڕۆڵی کومیتەی حیزب بە ڕوونی بووە. من سەرەڕای داوای لێبوردن لە ئەوان، سوپاس و دەستخۆشی لە ئەوان و هەموو ئەو مامۆستایانە دەکەم کە بۆ سەرخستنی ئەو پرۆژە زۆر گرنگ و بەکەڵکە پشتیان گرتین. بەڵام باسکردنی هەوڵەکانی پێشوو لەم بوارەدا هیچ بە مانای نکوولی کردنی ڕۆڵی کومیتەی حیزب نەبووە، بەڵکوو لە لایەکەوە کومیتەی حیزب و هەیئەتی حیزب هەردووکیان ئورگانی یەک حیزبن و باسکردن و سوپاسی یەکێکیان بەبۆنەی هەوڵێکی هاوبەشەوە ئەوی تریش دەگرێتەوە. لە لایەکی ترەوە لە وتووێژێکی کورتدا لەبەر کەمی دەرفەت و زیندووبوونی بەرنامەکە هەموو شتێک نرخی تەواوی خۆی پێ نادرێت. بۆیە لە زۆر وتووێژی زیندوودا میوانی بەرنامە لەبەر کەموکووڕی داوای لێبوردن دەکات. منیش لێرەدا داوای لێبوردن لە هەموو ئەو کەس و لایەنانە دەکەم کە نەمتوانیوە لە وتووێژەکەدا وەک ئەوەی ئەوان ئەیانەوێت باسی ڕۆڵیان بکەم. هیودارم لە نووسینەکەدا بەشێکم قەرەبوو کردبێتەوە.

ـ دووەم: ئەو هاوڕێیە ڕەخنەی لە من گرتووە کە من لەو پرۆگرامە کورەتەدا باسی ڕۆڵی کومیتەی حیزب و هەیئەتی نوێنەرایەتی حیزبم نەکردووە، یان کەمتر باسم کردووە بۆ ئەوەی ڕۆڵی خۆم گەورە بکەمەوە. منیش دەڵێم ئەگەر سەیری پرسیارەکان بکەن بەو شێوەیە دانراون کە بینەری پرۆگرامەکە یان خوێنەری ئەم نووسراوەیە بزانێ من کێم و ڕۆڵی من لە کاروباری شەورای مامۆستایاندا چی بووە، بەپێی خوێندن و کاری ئێستەم لە قوتابخانەکانی نورویژ جیاوازییەکانی سیستەمی خوێندنی ئێران و ئورووپا چۆن دەبینم. کەوایە پرسیارەکان پەیوەندییان بە خوێندنی منداڵان لە سێ وڵات و سی دۆخی جیاوازەوە هەیە و بەیەکەوە گرێ دراون و بەرەوڕووی من کراونەوە. زۆربەی پرسیارەکان لەدەوری ڕۆڵی من لەو کارانەدا دەخولێنەوە و منیش هەوڵم داوە وەڵامی پرسیارەکان بدەمەوە و ئەگەر ئەوەم نەکردایە دەبوو بە خۆدزینەوە لە پرسیارەکان. ئەمەش بەمانای ئەوە نییە کە لە ئۆردووگای ڕومادی من ئەو هەموو ئەرکەم بەتەنیا جێبەجێ کردبێ یان نکوولیم لە ڕۆڵی هاوڕێیانی تر کردبێ. نە ئامانجەکە ئەوە بووە کە من ڕۆڵ و کاریگەری یەکە یەکەی هاوڕێیان و مامۆستایان لە شەورای مامۆستایاندا باس بکەم و، نە دوای تێپەڕینی چارەکە سەدەیەک کارێکی وەهایش بە من یان هەرکەسێکی تر لە وتووێژێکی کورتدا جێبەجێ دەبێ. ئەم کارە پێویستە بە گرووپی زۆر گەورە بکرێت.

هەرچەن هەموو مرۆڤێک پێویستی بە باس لەخۆکردن و ڕاکێشانی سەرنجی دەوروبەری هەیە، ئەو هاوڕێیانەی من دەناسن و کاریان لەگەڵ مندا کردووە، بە تایبەت دوو هاوڕێی ڕەخنەگر، دەزانن کە خۆدەرخستن و خۆهەڵکێشانی من ئەوەندە نەبووە کە دەوروبەرەکەمی پێ زویر و نیگەران بووبێ. زۆر جار من لە لایەن ئەوان و بەشێکی تر لە هاوڕێیانەوە بەوە ناسراوم کە کەمتر باسی خۆم کردووە و ڕۆڵی ئەرێنی خۆمم لە کاری هاوبەشدا وەک پێویست نەخستووەتە بەرچاو و تا ڕادیەکیش بەوە لێک دراوەتەوە کە من بڕوام بە خۆم نییە و ناوێرم خۆم بکەمە خاوەن سەرکەوتنەکانیش. پێویستە ئەوەمان لە بیر بێت کە هەرکەسێک لێکدانەوەی خۆی لە هەر ڕووداوێک هەیە و لەوانەیە هەر کار و کردەوەیەکیش تەنانەت لە لایەن جێبەجێ کارەکانیەوە بە شێوەی جیاواز و تەنانەت دژبەیەکیش لێک بدرێتەوە. گرنگ ئەوەیە کە من مافی کەسێکی ترم نەخواردبێت و بەم هۆیەوە ویژدان و دەروونم نەکەوێتە ژێر فشارەوە. ئەگەر وەها نییە و من هەڵە تێگەیشتووم و وتووێژەکە و نووسینەکەم لەلای کەس یان کەسانێک بە خۆهەڵکێشان و چەواشەکردنی ڕاستییەکان لێک دراوەتەوە، ئەوا من زۆر داوای لێبوردن لە هەموو لایەک دەکەم. هیوادارم تا ڕادەیەک کەموکووڕی وتووێژەکەم لەم نووسینەدا قەرەبوو کردبێتەوە و نووسینەکە کەڵکی خوێندنەوەی هەبێت.

ئەگەر لە وتووێژەکەیشدا وەک نووسینەکە دەرفەتی بیروڕا گۆڕینەوە لەگەڵ هاوڕێیان و خواستنی ڕای ئەوان ببوایە، بەدڵنیاییەوە من ئەو کارەم دەکرد. هەروەک ئەوەی ئەمجارە کە من ئەم نووسینەم بۆ ١٥ کەس لەو مامۆستایانە ناردوە کە ئەو ساڵانە لە شەورای مامۆستایاندا کاریان کردووە. ١٤ کەسیان وەڵامیان داوەتەوە و لەوانە ١٣ کەسیان نووسینەکەیان پێ باش بووە و هەرکەس بە تێگەیشتنی خۆیان شتێکی ئەرێنییان لەسەر نووسیوە یان بە دەمی وتوویانە. هەر ئەو بەڕیزانە بڕێک هەڵەیان بۆ ڕاست کردمەوە، وێنەیان بۆ ناردم و نووسینەکەیان دەوڵەمەندتر کرد کە پێویستە لێرەدا جارێکی تر سوپاسی هەموویان بکەم. هەموو ئەو ئازیزانە خاوەنێ ڕای خۆیانن و ڕەخنەشیان گرتووە، بەڵام نەک بە شێوەی ئەم دوو هاوڕێیە کە لەوانەیە چاوەڕوانی تریان لە من هەبێت چونکە ئەو کات بیرکردنەوەی من و ئەوان زۆر لە یەکتر نزیک بوو و ئێستە تا ڕادەیەک من جیاواز لە ئەوان بیر دەکەمەوە. هیچ پێداگری ئەوەش ناکەم کە من ئێستە گۆڕانم بە سەردا هاتووە و زیاتر لە ڕاستییەکان تێدەگەم، بەڵکوو دەمەوێ مافی ئەوە بە خۆم بدەم کە

دوای ئەو هەمووو ساڵە ئاوارەیی و ئەزموونە خوێندنەوەی نوێ بۆ ئەو کات و بۆ ئێستەش بکەم و جیاواز لە ڕابردوو بیر بکەمەوە.

لە لایەکی تریشەوە پرسیار ئەوەیە کە ئاخۆ ئەو ١٣ کەسە لە هەڵە دان یان ئەو هاوڕێیەی کە ئەو ڕەخنانەی گرتووە چاوەڕوانییەکانی لە جێگەی خۆیاندا نین و بۆچوونی جیاواز لە من و لە هەموو ئەو بەڕێزانەی تری لەسەر ئەم بابەتە هەیە؟ هەڵبەت یەکێک لەو دوو هاوڕێیە لە شەورای مامۆستایاندا نەبووە و من ئەم نووسراوەیەم بۆ نەناردووە، تەنیا وتووێژەکەی بیستووە و ئەویش چەند ڕەخنەیەکی هاوچەشنی ڕەخنەکانی ئەم هاوڕێیەی بۆ نووسیوم. جا ئەوان نووسینەکانیان بۆ یەکتر ناردووە و پێکەوە لەم بارەوە بیروڕایان گۆڕیوەتەوە کە ڕاکانیان لە یەکترەوە نزیکە یان نە، ئەوە تەنیا گۆمانە لە لای من. من بەشێک لە ڕەخنەکانی ئەوانم قەبووڵە هەربۆیە لە نووسینەکەمدا کەمێک زیاتر چوومەتە سەر ئەوەی ئەوان ویستوویانە. هیوادارم ئەو دوو هاوڕێیە ئێستە بە دڵپاکی و بە ویژدانێکی دادپەروەرانەوە سەیری نووسینەکە بکەن و لەو گومانانەی کە خستوویانەتە سەر من، لانیکەم لە دەروونی خۆیاندا، لێی پاشگەز ببنەوە. ئەگەر گلەیی تریشیان هەیە دیسان لەوەیشدا بەبێ دەمارگرژی قەزاوەت بکەن و بە ناحەق من نەدەنە بەر ڕەخنە.

ـ سێهەم: لە وتووێژەکەدا نە کاتەکە بەشی ئەوەی دەکرد و، نە من لەوە زیاترم بە ئەرکی خۆم زانی. لە لایەکی ترەوە من وەک کەسێک کە ئێستە ئەندامی حیزب نیم و هیچ بەرپرسایەتییەکی حیزبیم نییە و وەک تاکێک ئەو وتووێژەم کردووە، نازانم باس کردن یان نەکردنی زیاتر لەسەر مێژووی ئەو کات و ڕۆڵی حیزب، زیاتر لەوە تا چ ڕادە جێگەی پەسەند یان ڕەخنەی حیزبە. ئایا لە بنەمادا حیزب بە هەر دەربڕێنێکی ئەرێنی و نەرێنی لەسەر ئەو بابەتە ڕازییە یان نە، ئەگەر پێی ڕازییە بۆ تا ئێستە لە میدیای حیزبدا باس نەکراوە؟ لەوانەیە من زیاتریشم لەم بارەوە باسم بکردایە حیزب پێیان باش نەبوایە و بە درۆیان بخستایەتەوە. باشتر بوو ئەو بەشە لێگەڕێین بۆ ئەو لایەنە سیاسییانە خۆیان و نە هاوڕییانی ڕەخنەگر و نە من زیاتر لە پێویست باسی لەسەر نەکەین. بەڵام مادام ئەوان پێیان باشە و پێداگری لەسەر کردووە من کەمێک ڕوونکردنەوەی زیاتری لەسەر دەنووسم. هەموومان باش لە بیرمانە ئەو ساڵانە لە ئۆردووگادا حیزب و کۆمەڵە بە کردەوە هەوڵیان دەدا کە کومیتە جۆراوجۆرەکانی ناو ئۆردووگا بخەنە ژێر نفووز و کاریگەریی خۆیان و لە ڕەواڵەتدا ئینکاری ئەم کارەی خۆشیان بکەن. شەورای

مامۆستایانیش یەکێک لەو کومیتانە بوو کە کاریگەریی کومیتەی حیزبی بەسەرەوە بوو و کومیتە حیزبیش ئەو کات نەیدەویست زۆر بە زەقی باسی ئەو ڕۆڵەی خۆی بکا، چونکە ئەگەر کاریگەریی خۆی لەسەر شەورای ماموستایان بسەلماندایە، دەبووایە کاریگەری کومیتەی کۆمەڵەش لەسەر کومیتەی پەنابەران قەبووڵ بکا و ڕەخنەی لێ نەگرێت. ئایا ئێستە کاتی ئەو ئینکارکردنانە بەسەر چووە کە سەری ئەو مێژووە کۆنە زیاتر لە پێویست بکەینەوە و باسی بکەین کە لایەنە سیاسییەکان ئەو کات و ئیستەش چۆن هژموونیی خۆیان بەکار دەهێنا و دەیهێنن؟

من دەتوانم ئەوەندە بڵێم کە ئەو کات لە بەرانبەر هژموونیی کومیتەی حیزب بەسەر شەورای ماموستایاندا، کە زۆریش لە بەرژەوەندیی کاروباری قوتابخانەکان و قوتابییاندا بوو، کۆمەڵە تا ڕادەیەکی زۆر هژموونیی بەسەر کومیتەی پەنابەراندا هەبوو و چەن دابەشکردنێکی تری لەم بابەتە هەبوون. کەچی هەردوو لایەنی کۆمەڵە و حیزب وەک دژبەری سیاسیی یەکتر تا ڕادەیەکی زۆر ئەم هژموونیەیان ئینکار دەکرد و پێیان خۆش نەبوو بیسەلمێنن. جیا لەم دوو لایەنە سیاسییە دژبەرە، دواتر لایەنی سیاسیی تریش بۆ سەپاندنی هژموونی خۆیان، هەوڵی بەشداربوون لەم چەشنە دابەشکردنەیان دا و هەر لایەنێک بە پێی توانا بەشدار بوو. دیارە ئەوکات قسەی زۆر هاتەوە سەر کۆمەڵە لەسەر کاریگەری ئەوان لەسەر کومیتەی پەنابەران و، ژمارەیەک پێیان وابوو بەهۆی ئەم کاریگەرییەوە مافی پەنابەرییان ژێرپێ کراوە و تەنانەت بە کەسی تر دراوە. یان چەندین نەفەر لە کەسانی نزیک لە کۆمەڵە بە ناوی ئەو پەنابەرانەوە کە بە هەر هۆکارێک لە ئۆردووگا دەرچوون، نێردرانە دەرەوە. ئەویش بەو شێوەیە کە دوای دەرچوونی ئەوان لە ئۆردووگا، کارتی پێناسەکەیان لە لایەن کومیتەی پەنابەرانەوە دەدرا بە کەسانی نزیک لە کۆمەڵە، چونکە ئەندامانی کومیتەی پەنابەران هەموو یان زۆربەیان ئەندام و لایەنگری کۆمەڵە بوون.

زۆر ڕوونە کە سەپاندنی هژموونیی ڕێکخراوە سیاسییەکان بەسەر ڕێکخراوە مەدەنی و سینفییەکاندا، ئێستەش بەردەوامە و ئەمە هەموو کات لە بەرژەوەندیی کۆمەڵگەدا نەبووە و لەم پەیوەنییەدا زۆر جار بەرژەوەندیی حیزب پێش بەرژەوەندییەکانی تر و لەوانە بەرژەوەندی کۆمەڵگە خراوە. دیارە ئەمەش یەکێک لە لایەنەکانی کزبوونی دیموکراسییە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا کە ڕێکخراوە سیاسییەکان دەیانەوێ بەردەوام هژموونی خۆیان بەسەر ڕێکخراوە مەدەنی و سینفییەکاندا بسەپێنن و لە بەرژەوەندی خۆیاندا هەڵیانسووڕێنن. هۆکار بۆ ئەم شێوازە کارەی

ڕێکخراوە سیاسییەکان زۆرن. لەوانەیە هەرکام لەوان پێی وابێ کە ئەگەر ڕێکخراوێکی مەدەنی لەژێر کاریگەری ئەواندا بێ، زۆر باشتر کارەکان جێبەجێ دەکا و ئەگەر ئەو کاریگەرییە نەبێ ئەوا ڕێکخراوە مەدەنییەکە بە هەڵدێردا دەچێ یان کەڵکی خراپ لە هێز و توانای خەڵک وەردەگرێت. ئەمەش نیشانەی کزیی بڕوای ئەوانە بە دیموکراسی و هێز و توانایی و دەسەڵاتی خەڵک، هەربۆیە ڕێکخراوی مەدەنی و سینفیی سەربەخۆ لە کۆمەڵگەی کوردیدا سەر هەڵنادەن و ئەگەریش سەر هەڵدەدەن ناتوانن گەشە بکەن.

بەپێی سیستەمی ئەو وڵاتانەی کوردیان لەنێوان خۆیاندا دابەش کردووە، کەمترین ژمارەی ڕێکخراوی مەدەنی و سینفی سەربەخۆ لە ناوچەی ژێردەسەڵاتی ئەواندا بوونی هەیە. زۆر ڕوونە کە ئەمەش بۆ نەبوونی دیموکراسی و نەبوونی بڕوا بە هێز و توانای خەڵک دەگەڕێتەوە. دەسەڵاتداران پێیان وایە هەموو ڕاستییەکان لەلای ئەوانن و لەبەر ئەوە ئەوان باشتر لە خودی خەڵکەکە بەرژەوەندی خەڵک دەزانن و دەیپارێزن. کەوایە بەم لێکدانەوەیە بەسانایی مافی ئەوە بە خۆیان دەدەن کە ببن بە وەکیلی خەڵک و لە باتی ئەوان بڕیار بدەن. ئەگەرچی ئەمە پێناسەی دەسەڵاتدارە زۆردارەکانە و ڕەوا نییە کە ئەم پێناسەیە گرێ بدەین بە دەسەڵاتدارانی ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردەوە کە هەموو یان بەشێکی زۆر لە ژیانی خۆیان لە ڕێگەی وەدەسهێنانی مافەکانی کورددا داناوە. بەڵام بمانەوێ و نەمانەوێ ئێمەی تاکی کوردیش تا ڕادەیەک کەوتووینەتە ژێر کاریگەری ئەم شێوازە بیرکردنەوەیە و ئەمە لە هەڵسوکەوت و بڕیاردانماندا ڕەنگی داوەتەوە و کاریگەرە. لەلایەکی تریشەوە وادیارە ئێمەی کورد هێشتا نەگەیشتووینەتە ئەو پرۆسەیە و ئەو پلەیە لە دیموکراسی کە ڕێکخراوی مەدەنی لە کۆمەڵگەکەماندا بتوانێ گەشە بکا و لەو ڕێگەیەشەوە خەڵک بتوانن بەبێ ئەندامبوون لە حیزبی سیاسییدا بۆچوونەکانی خۆیان بە تاک و بە کۆمەڵ دەربڕن و لە دیاری کردنی داهاتووی خۆیاندا بڕیاردەر بن.

دانانی کات بۆ وەڵامدانەوەی ڕەخنەکانی ئەو دوو هاوڕێیە لەبەر ئەوەیە کە دڵنیام ڕەخنە و پرسیاری لەو بابەتە لە لای کەسانی تریش درووست بووە و، هیوادارم وەڵامەکان تیشکی زیاتر بخەنە سەر باسەکە. دەنا من شتێکی شەخسیم لەگەڵ هیچ هاوڕێ و دۆستێکدا نییە و زۆر سوپاسی ئەو دوو هاوڕێیەش دەکەم بۆ ڕەخنەکانیان و هەر بە هاوڕێ و دۆستی نزیکی خۆمیان دەزانم، بەڵام لەوانەیە من لە پێوەری هاوڕێیەتی و دۆستایەتی ئەواندا جێم نەبێتەوە و ئەو

هاوڕێ و دۆستەی جاران نەبم بۆ ئەوان. دەکرێت گۆڕانکاری بەسەر بیروڕای من و هەر مرۆڤێکی تردا، وەک ڕەوتێکی سروشتی سەیر بکرێت و نەکرێت بە مەرجی هاوڕێیەتی و دۆستایەتی. بەڵام بەداخەوە لە کۆمەڵگای ئێمەدا، بە کۆمەڵگە کوردییەکانی ئورووپاپیشمانەوە، تا ئێستە ئەم ڕەوتە جێگەی درووستی خۆی نەبینیوەتەوە و بە گۆڕانکاری لە بیروڕای سیاسی کەسەکان، هەرچەن گۆڕانکاری زۆر بچووکیش بێت، تۆڕی هاوڕێیەتی و دۆستایەتی کەسەکان تێکدەچێت. نموونەی دابەشبوونی هاوڕێ و دۆستە زۆر نزیکەکانە بەسەر دوو یان چەند بەشی لێک جیابووەوەی حیزبێکی سیاسیدا و هاتوچۆ نەکردنی یەکتر. بەداخەوە کوردانی دانیشتووی ئورووپاش سەرەڕای تێکەڵاوی لەگەڵ کولتووری یەکتر قەبووڵکردن و تۆلێرانسی ئورووپاییەکان، لە بەشداربوون لە ڕەوتی هەڵەی حیزبە سیاسییەکان و لە یەکتر بوغزاندن و پشت لێک هەڵکردن کەممان نەهێناوە. هیودارم ئێمە بە کەڵک وەرگرتن لە ئەزموونی ئورووپاییەکان و بەشی جوان و ئەرێنی کولتووری ئەوان، لایەنە کزەکانی ڕێکخراوە سیاسییەکانمان دەسنیشان بکەین و کاریگەریمان ئەرێنیمان لەسەر ئەوان و رەوتی خەباتی گەلەکەمان هەبێت.

..............................................

دەقی ناساندنی میوانی بەرنامە: مامۆستا فەرامەرز ئەڵماسی لە دایکبوویساڵی ١٩٦٢ی زایینی لە ئاوایی گردەنووی سەر بە شارستانی سەلاسی باوەجانی لە پارێزگای کرماشانە. ساڵی ١٩٨٠ دەورەی دووساڵەی مامۆستایەتیی لە دانشسەرای سەرەتایی (مقدماتی) لە شاری کرماشان تەواو کردووە. لەو کاتەدا کە بڕیار دەبێت وەک مامۆستا دەس بە کار بێت، بە داخەوە شەڕی نێوان دوو وڵاتی ئێران و عێراق دەست پێ دەکات و مامۆستا فەرامەرز لە گەڵ هەزاران بنەماڵەی دیکەی ناوچەکە ئاوارەی وڵاتی عێراق دەبێت. ساڵی ١٩٨٢ بە زۆرەملێ ڕەوانەی بیابانەکانی ڕومادی، ناسراو بە کەمپی ئەلتاش دەکرێن. لە ئۆردووگای ڕومادی بۆ ماوەی ٦ ساڵ وەک مامۆستا دەرس بە منداڵان دەڵێتەوە و ٣ساڵیش بەرپرسی شەورای مامۆستایان بووە. ئەو کات شەورای مامۆستایان کار و باری ١٢٠ مامۆستای قوتابخانە سەرەتاییەکانی ئۆردووگاکە و نزیک بە ٥ هەزرا قوتابی لە ئەستۆ بوو. ساڵی ١٩٩٢ هاتووەتە وڵاتی نورویژ و لەم وڵاتە تا ئێستە لە کۆی ٢١ ساڵ ژیانی، ١٨ ساڵ لە قوتابخانەکاندا وەک مامۆستا کاری کردووە. لە پاڵ کارکردندا لە بەشی مامۆستای سەرەتایی و ناوەندی لە زانکۆی ئوسلۆ خوێندنی تەواو کردووە و ئێستەش وەک مامۆستا لە سەر کارەکەی بەردەوامە.

عەلی قەنبەری ٢٠١٤/٠١/١١

............................................

من بەسەرهاتی تاڵی خوێندن لە ئەلتاشم بە زمانی نورویژی نووسیوەتەوە و بۆ مامۆستا و دایکوبابە نوروێژییەکانیشم گێڕاوەتەوە. کاریگەری زۆری لەسەریان هەبوو و هەوڵەکانی ئێمەیان بەرز نرخاندووە.

لەم نووسینەدا من هەوڵم داوە لە ڕێگەی گێڕانەوەی بیرەوەری و ئەزموونەکان و بەشێکی کەم لە ژیانی خۆم کە پەیوەندی بە بابەتەکەوە هەیە، تیشک بخەمە سەر بابەتەکە. هەر لەبەر ئەوە بەشێک وێنەی خۆمی تێدایە و دەکرا بۆ دەوڵەمەندکردنی نووسینەکە زۆر وێنەی تری تێدا هەبێ، بەڵام دانانی وێنەی کەسانی تر پێویستی بە ڕەزامەندی خاوەن وێنە هەیە و ئەو کارەش ئاسان نییە. زۆر جار لە ڕێگەی خوێندنەوەی ژیانی کەسێک یان گرووپێکەوە دەکرێ مرۆڤ لە ژیانی ژمارەیەکی زۆر لە مرۆڤەکان تێبگا و هەڵسەنگاندنی خۆی لە ڕووداوەکان بکا.

من هەروەها ویستوومە هەوڵ بدەم وێنەیەک لە ڕابردووی خوێندن لە ئۆردووگای ڕومادی بدەمە دەستەوە و بەراوردێک لە نێوان خوێندن لە ئێران و نورویژ بکەم. هیوادارم توانیبێتم لێکدانەوەیەکی نزیک لە ڕاستی بخەمە بەر دیدی خوێنەران و هەر بەڕێزێکیش ڕایەکی جیاوازی هەیە یان ڕاستکردنەوەیەک بە پێویست دەزانێ ئاگادارم بکاتەوە بۆ ئەوەی جاری داهاتوو نووسینەکە ڕێکوپێکتر بێت. پێشەکی سوپاسی هەموو لایەک دەکەم.



ئەم وێنەیە بەهاری ١٣٥٨ی هەتاوی (١٩٧٩ی زایینی)، بەهاری ئازادی، لە پارکی کرماشان لە پشتی دانشسەرای راهنمایی بەرانبەر شیرکەتی نەوتی کرماشان گیراوە، من لە لای چەپەوە وەستاوم. یادی ئەو هاوڕێیانە بەخێر و هیوادارم ساق و سڵامەت بن. تەنیا ئەو بەهارە لەبەرکردنی جلوبەرگی کوردی و تاڕادەیەک جموجووڵی سیاسی ڕێگەی لێ نەدەگیرا. ئەویش لەبەر ئەوەی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی هێشتا بۆ سەرکوت کردنی خەڵک و داخوازییەکانیان پایەکانی دەسەڵاتەکەیان قایم نەکردبوو.



بەهاری ١٩٧٩ لەگەڵ ١١ هاوپۆل لە ژووری خەوتنی دانشسەرا، کرماشان



ئۆردووگای ڕومادی لە ڕۆژێکی هەڵکردنی با و تۆز و خۆڵدا



بەڕێز مستەفا زارعی و قوتابییەکانی ساڵی ١٩٨٤




بەڕێز مستەفا زارعی و قوتابییەکانی ساڵی ١٩٨٥



وێنەی کارگای جۆلایی، بەشێک لە کارگەی خاچی سوور لە ئۆردووگای رومادی. کاک عەبدولکەریم پەهلووسای بەرپرسی کارگەکە لە ناوەڕاستدا ١٢ /٦/ ١٩٨٩.



بەشیک لەو بەڕێزانەی کە لە کارگەی خاچی سوور لە ئۆردووگای ڕومادی بەرماڵیان وەرگرت ١٩٨٩/٧/٢٣. کاک عەبدولکەریم پەهلووسای بەرپرسی کارگەکە لە پشتەوە ڕاەستاوە.



فەرامەرز ئەڵماسی لەگەڵ قوتابیانی پۆلی ٦ی سەرەتایی لە رومادی ١٩٩١/٠١/٠٥



قوتابیانی پۆلی فەرامەرز ئەڵماسی بە جلوبەرگی دیاری خاچی سوورەوە، ڕومادی ١٩٩١/٠١/٠٥



فەرامەرز ئەڵماسی لەگەڵ قوتابیان گەشتی دەرەوە، کۆتایی ساڵی خوێندن ١٩٩١/٠٦/٢٠



بەڕێز ئەحمەد تەیمووری و قوتابییەکانی ساڵی ١٩٨٧




ئەندامانی شەورای مامۆستایان بەهاری ١٩٩١ بەر لە گەڕانەوەی بەشێکیان بۆ ئێران.



ماڵئاوایی فەرامەرز ئەڵماسی و بنەماڵە لە کەسوکار و ڕۆیشتن بە پاس بۆ ئوردون ١٩٩٢/١١/١٥